سەرەتاکانی
دەروونناسی و
پەروەردەناسی

ناوی کتێب: سەرەتاکانی دەروونناسی و پەروەردەناسی
وەرگێڕانی: حەمەی ئەحمەد رەسوڵ
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: بەختیار ئەورەحمان
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم - سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
Kteb@serdam.org
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
(١٦٢٠) ساڵی٢٠١١ ی پێ دراوە

سەرەتاکانی
دەروونناسی و پەروەردەناسی

وەرگێڕانی

حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

سلێمانی - ٢٠١١

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (١١٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

وتەیەک بۆ دەستپێک

هەمیشــــە گەڕانەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدان و دەرکەوتنـــی زانین و مەعریفە، کارێکی پێویســـت بووەو زۆر ئاسانیش نییە. بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کــــە زۆرینەی خەڵک لـــە پرۆســـەی خوێندنەوەو خۆرۆشنبیرکردن دوورکەوتوونەتەوە، ئەم سەردەمە خەسڵەتەکانیشـــی لەگـــەڵ خۆیـــدا هەڵگرتووە، ســـەردەمی تەکنۆلۆژیـــاو تەکنۆترۆنییەکانـــە، کۆمپیوتـــەرو ئینتەرنێت لە برەودان و هەوادارانی لە تەشـــەنەکردندان، سەتەلایت و مۆبایل و ئۆتۆمبیلی دوا مۆدێـــل کـــە خاوەنی ئەقڵـــی ئەلکترۆنییەو لە شۆفێرەکەی خۆی زیرەکترە، وای لە مرۆڤی هاوچەرخ کـــردووە وەکو کۆیلە، ملکەچـــی هەموو داخوازی و تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی و دەوروبەرەکەی بێت، بەوەی کە ببێتە خاوەنی ئامێرو کەرەستەکان.

ئـــەو کارەش وا دەکات مرۆڤی ئەم چرکەســـاتە فریای خوێندنەوەی ژیان و گوزەران و کۆمەڵگەکەی نەکەوێـــت، تەرخانکردنـــی کات بـــۆ ئـــەو هەموو

داخوازییانە گرنگترین کردارێکی لێ زەوت ئەکاتەوە کـــە بریتییە لە خۆڕۆشـــنبیرکردن و بەرزکردنەوەی ئاســـتی فەرهەنگی و مەعریفیی خودی خۆی، وەکو تاکێکی مەدەنیی شارنشین.

لەبەر ئەوە لـــەو پێودانگەوە بەندە وای بە باش دەزانم کە هەر هیچ نەبێت ســـەرنجی تاکی کوردی بۆ خوێندنەوەی پرۆژەی کتێبی گیرفان ڕابکێشرێت و ناوبەناو زانســـتە گرنگەکان و فەلسەفەو چەمکە مەعریفییـــە جیهانییەکانـــی پێ ئاشـــنا بکرێتەوە، بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە قەبارەی کتێبەکانی گیرفان بچووکن و کاتی زۆر نابەن و سەرقاڵبوونی ئەم مرۆڤە بێ کات و جەنجاڵە ئاڵۆزتـــر ناکات. بەڵام ئەوەش جێی دوودڵی و گومان نییە کە زانیاری سەبارەت بە زانســـتێکی گرنگی وەکو دەروونناسی یان پەروەردە زۆر پێویســـت و بایەخدارە بۆ مرۆڤـــی هاوچەرخ، چونکە لە لایەکەوە دەروونی هەمووومان سیخناخە لە خەم و پەژارەو دڵەڕاوکێ و ترس لە ئەمڕۆو سبەینێی خۆمان و منداڵ و ئایندەی کۆمەڵگەکەمان..

لەلایەکـــی دیکـــەوە دەبێ ئـــەوەش بزانین کە پەروەردەو فەلسەفەی پەروەردە گرنگی و بایەخی بۆ ئێمە وەکو مرۆڤ و بۆ خێزان و کۆمەڵگەکەمان لـــە چیدایە؟! بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەژین و چۆن ژیانی ئاســـوودەو بەختەوەر بۆ خۆمان و خێزان و منداڵانمان دابین دەکەین؟

پێم خۆشە ئەم وتەیەی بەندە وەکو بەرایی ئەم کتێبە خنجیلانەیە، ئاکامی ڕازاوەو قەشەنگی هەبێت و خوێنەر هانبدات کە لەلای خۆیەوە دەستپێشخەر بێـــت تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەمان ڕۆشـــنبیر بن و چەمکە مەعریفی و فەلســـەفی و زانســـتییەکان یەکالآبکەنەوەو شـــرۆڤەیان بکەن..

خوێندنەوەی کتێبە زانستی و مەعریفییەکان بۆ تاکی کورد زۆر گرنگن، چونکە دەتوانێت شوناس و پێگەی خۆی بناســـێتەوەو نەخشە بۆ ئایندەی خۆی و کۆمەڵگەکەی بکێشێت، بە پێچەوانەشەوە تاکـــی نەزان و نەخوێندەوار نە لە شـــوناس و نە لە ژیان و نە لـــە کۆمەڵگەکەی خۆی تێدەگات و نە دەشتوانێت نەخشە بۆ خۆی و ئایندەی ئەوانی تر بکێشێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم وتانەدایە، بەندە داخوازبووم ئەم دوو بەشە لە دوو کتێبی جیاوازەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێـــڕم، یەکەمیان باس لە چۆنییەتیی ســـەرهەڵدانی دەروونناسی دەکات، دووەمیان باس لە پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو پەروەردە دەکات و ســـەرەتاکانی پەروەردە شیدەکاتەوە، بۆیە بەباشم زانی تایتڵی ئەم نامیلکە بچووکە یەک ناونیشـــان بێت و سەرهەڵدانی هەردوو زانستەکە بێت.

هەمووشـــمان دەزانین کە بابەتی سەرهەڵدانی

ســـەرەتاکان و پرەنســـیپی دوو زانســـتی وەکـــو دەروونناسی و پەروەردە یان هەر زانستێکی دیکە، چەند گرنگن و لە جیهاندا بایەخی ئەوتۆیان هەیە.

خۆزگـــە لای ئێمەش زانســـتێک و زانایەک یان قوتابخانـــەی فەلســـەفی و ڕێبازێکی فەلســـەفی ســـەریان هەڵدەدا. خۆزگە گەنجانی کوردســـتان خوێندنەوەیان دەکردە کولتوورو فەرهەنگی خۆیان و زەمینەیان خۆشدەکرد بۆ وەدەرکەوتنی زانست و فەلسەفەی کوردی.

هیوادارم ئەم دوو وتارە بایەخی خۆیان بە نەوەی نوێمان بگەیەنن، ئەگەرچی فێربوونی یەک وشە یان چەمکیش بێت، هیوادارم کاری وەرگێڕانەکەش باش و بەسوود بێت و سەری خوێنەر جەنجاڵ نەکات بە بێهودەیی و بە پێچەوانەوە داخوازم ئاســـوودەیی و کاتی خۆشنوودیی بۆ مەیسەر بکات.

وەرگێڕ

١٩ی٩ی٢٠١٠

دەروونناسی (سایکۆلۆژیا) چۆن دەرکەوت؟

نووسینی: د. و. ئی. سارجێنت

لەوێـــوە دەســـت پێناکەین کە بپرســـین ئایا دەروونناســـی چییـــە؟ بەڵکو لەگەڵ دەســـپێکدا تەماشـــای مێژووی ئەم بابەتـــە دەکەین، ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەکـــەم: وا باشـــترە وەڵامـــی ئەو پرســـیارە بدەینەوە: سایکۆلۆژیا چییە؟

ئەوەش لـــە پای ئەوە دەیبینین و دەیزانین کە کارێکی مەزن لەلایەن سوپایەک لە بیرمەندانەوە لە گۆڕەپانی دەروونناسیدا دەستەبەربووە.

دووەم: خەڵکانێکی زۆر بڕوایان وابوو، تەنانەت هەندێکیان تا ئێستاش وای دەبینن کە دەروونناسی هاوچەرخە و پەیوەستە بە ڕێنوومایی و ئامۆژگاریی پەنهانەوە کە ڕووناکبیری جیددی تەنیا یەک دەقیقە لە کاتەکانی بۆ تێگەیشتن لێی بەهەدەرنادات.

ئێمـــەش ئەوە دەزانین کە هـــۆکاری دووەمیان

بناغەی ئەوجۆرە هەڵوێستەیە، کە زۆرینە دەیگرنەبەر لە هەر بارێکی نوێدا. هەر بۆ نموونەش کاتێک زانا لیستەر Lister شێوازەکانی پاکژکردنەوەی برینی لە نەشتەرگەریدا هێنایە کایەوە، بە گاڵتەجاڕیی توونـد وەڵامدرایەوە، تەنانەت لەلایەن هاوپیشەکانی خۆشییەوە.

بەڵام ئەوەی ئەم زانایە پێشکەشی کرد، ئەمڕۆ جێی ڕەزامەندییە لەلایەن هەموو ئەوانەوە کە لەگەڵ برینداری و بڕیندا مامەڵە دەکەن، هەر ئامۆژگارییەکانی ئەویشە کە لەم ڕۆژگارەدا بۆ شێوازەکانی پاکژی و خاوێنکردنەوە لە پرۆسەی نەشتەرگەریدا پەرەیان سەندووە.

هەرچۆنێک بێت، سایکۆلۆژیا زانستێکە پسپۆڕو مامۆستایان بەسەر جەماوەردا سەپاندیان، نهێنییەکەش ئەوەیە چارەسەری بابەتی سەرنجڕاکێشەریان کردووە و ڕەفتارە ناڕاست و ناساغەکانی خەڵکیشیان وروژاندووە.

ئەم زانستە وەک لقێک لە لقەکانی فەلسەفەی پێش لەدایکبوونی مەسیح بە ماوەیەک سەری هەڵداوە، یەکێک لە قوتابی و شاگردەکانی ئەم زانستەش بیرمەندی مەزن ئەرستۆ بووە، دەشتوانرێت لە ڕێی نووسینەوە گرنگیدان بە زانستی دەروونناسی بگەڕێنینەوە پێش ئەو

ســـەروەختە، بەڵام ئەرســـتۆی مامۆستای یەکەم، یەکەم کەسێکە کە کۆششی کردووە تا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە شـــێوازی بیرکردنەوە و بڕوای خەڵک تێبـــگات، ئامۆژگارییەکانی ئـــەو لە یەکەم ڕۆژەوە جێی بایەخپێدان بوون، ئەرســـتۆ بایەخی داوە بە کێشـــەکانی هەستەوەری مرۆڤ، واتە چۆن هەست دەکەین، دەبیســـتین، چێژوەردەگریـــن، دەبینین، هەروەها گرنگیی داوە بە کێشەکانی خەیاڵکردنەوە، بیرهاتنـــەوە، بیرکردنـــەوە و بەڵگـــە هێنانـــەوە، ئەرســـتۆ زانیاریی لەبەردەســـتدا نەبووە سەبارەت بە کۆئەندامی دەمار، ئـــەو زانیارییە گرنگانەی بۆ سایکۆلۆژیای هاوچەرخی ئەمڕۆ پڕبایەخن.

لـــەو سەردەمەشـــدا بە شـــێوەیەکی گشـــتی تێڕوانینی نۆژداریی بـــاوی ئەوکاتە قبوڵکراوە، کە بریتـــی بووە لـــەوەی ژیان بەوەوە پەیوەســـتە لە شادەمارەکانی خوێندا هەوا هەبێت و ئەم هەوایەش پرۆســـەی هەناسەدان مەیســـەر دەکات کە بووەتە بناغە بۆ ژیان، دەمارەکانیش هەســـتەکان ئاڕاستە دەکـــەن، بەڵگەش بۆ ئەوە، هەبوونی شـــتێکە لە ناخماندا، کە بیر لە دۆزەکانی ژیان دەکاتەوە.

پاش ئەرستۆ دەستەیەک لە ڕووناکبیران هاتنە گۆڕێ، کە بە کۆمەڵەی فەیلەســـوفە ڕەواقییەکان ناسراون، لە ئەرستۆ دوورتر ڕۆیشتن و ڕایانگەیاند:

توانســـتەکانی بیرکردنـــەوە تا پلەیەک لە گشـــت بوونەوەرانـــدا خۆڕســـکە، هەروەهـــا بڕوایـــان بە حیکمەتێک لە گیانلەبەراندا هەیە، کە ئەندێشـــەیی نییە، ئەو حیکمەتەش لە سروشـــتدا خەسڵەتێکی بۆماوەییە، بەڵام تەنیا مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی هەیـــە و دەتوانێـــت بـــاش و خـــراپ لـــە یەکدی جیابکاتەوە.

لـــە ســـەردەمی هیلینیـــدا، ئەو دەمـــەی کە گریکییەکان و عیبرییەکان هەریەکەیان کاریگەریی هەبوو بۆ ســـەر کولتووری ئـــەوی دیکە، لەلایەن بزووتنـــەوە ئاینییـــە جیاوازەکانـــەوە بایەخدانێک تێبینی دەکرا، ئەم بایەخەش بەرەو ئەوە چوو کە سنوورێکی جیاکەرەوەی لەنێوان توخمە سروشتی و لـــە سروشـــتی بەدەرەکانی سروشـــتی مرۆڤی خوڵقاند. دیارە قەشـــە "پۆڵس" (پۆڵسی پیرۆز) لەوکاتەدا بەو ڕێنومایی و بۆچوونانە سەرسامبووە کە وتوویانە: خەســـڵەتەکانی جەستە جیاوازن لە خەسڵەتەکانی ڕۆح و گیان.

بەڵام لە ســـەدەی ســـێی زاینییـــدا، بیرمەند ئەفلۆتیـــن Plotinus لە ڕێـــی لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی جەســـتە، ئەو شێواز و ڕێگەیەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەکاریهێنا، کە لەم چرکەســـاتەدا میتـــۆدی تێڕامان لە خـــود یـــان لێوردبوونەوەی

ناوەکی ناسراوە IntrospectiveMethod، ئەم میتۆدەش بەواتای گەشتێکی کورت بەناو ژیری و ئاوەزەماندا بۆ ئەوەی ئاشــکرای بکەین کە چۆن بیردەکەینەوە و خەیاڵ دەکەینەوە و..هتد.

بەڵام ئۆگەستین Augustine زانای لاهوتی و ئەدیبی مەزن، کە لە ساڵی ٤٣٠ی زاینییدا کۆچی کردووە، ئاســەواری ئەم لێکۆڵینەوەیەی گرتەبەر، لــە دووتوێــی ئامۆژگارییەکانەوە ئــەم تەرزە لە بیرکردنەوەی تێڕامانی جێگەیەکی شــیاو و بڵندی هەیە لە دەروونناسیدا.

بەشــێوەیەکی تایبەتــی، ئــەوەی شــایانی گرنگییە لە پەرەســەندنی فەلســەفەی دێریندا لە چەرخی ئەرســتۆوە تا ئۆگەستین، هەوڵدانێکە بۆ دابڕینی پڕۆســەی ژیری لە پڕۆســەی جەستەیی، ئەمــەش بەتــەواوی بــڕوای پێ هێنــراوە، وەک چــۆن دواتر دەیبینین، چونکــە کارلێکی کاریگەر لەنێوان ئەقڵ و جەســتەدا هەیە، بەڵام تێدەگەین کە چۆن دەروونناســی لە قۆناغە بەراییەکانیدا لە پەرەسەندنیدا پاش سەدەی دوازدە بەدوو ئاراستەدا پێشــکەوت، چونکە هەوڵ و کۆششــەکانی نێوان سەدەی پێنجەم و دوازدە زۆر کەم بوون: یەکەمین ئاڕاستە: بایەخدان بە پێکهاتە و کاری کۆئەندامی

دەمـــار، دووەمینیش: بایەخدان بـــە هەمەجۆریی ڕەفتاری مرۆڤ بە شێوەی تاک و کۆ.

لە لێکۆڵینەوەشماندا بۆ دەروونناسی دەتوانین ئەوە دەربخەین کە:

ا. ڕووناکبیر و نووســـەرە گەورەکان تێکۆشان بۆ تێگەیشـــتن لەچۆنیەتیی لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بە گشتی و هەڵســـوکەوتەکانی بە شێوەی نەخۆشی.

ب. لـــە چاخـــی ڕێنیســـاندا زانســـتێکی نوێ لەدایکبوو ســـەبارەت بە مرۆڤ، کە ســـەرنجی لە ئەرکە سروشتییەکانی دەدا وەک کرداری جودا لەو چالاکییانەی کە گیانێکی لەڕادەبەدەری سروشتیی هەیە.

بیرمەنـــدی نـــاوداری فەڕەنســـی دیـــکارت Descarte بـــە ڕوونی شـــێوازی میکانیکی لە لێکدانەوەی هزرو ڕەفتاری مرۆڤدا شـــرۆڤەکردووە، ئەوەش کاتێک گەیشـــتە زانینـــی گرنگیی لەش لە شـــێوەی تایبەت لـــە ڕەفتاردا، بـــڕوای بەوە هێنا کە توانســـتی مرۆڤ لە بیرکردنـــەوەدا دەکەوێتە دەرەوەی مێشـــکەوە، بەڵکـــو ئـــەو توانایەی لای خوداوە بۆ دێت.

بێگومان ئەمەش ئەوە دەردەخات کە توانستی بیرکردنەوە خۆڕسکە، بەوجۆرەش پشت بە ئەزموون

و کارایی جەستە نابەستێت، تەنانەت ئەوەی کە پەیوەستە بە هەستی ویژدانییەوە، هەستێک لە ئارادان کە پەیوەستن بە جەستەوە، هەستێکیش هەن کە پەیوەستن بە گیان یان ئاوەزەوە.

یەکەمین بیرمەندێک کە بەرهەڵستی و دژایەتیی دیکارتی کردەوە، بیرمەند جۆن لۆک John Locke بوو. کە ئاشکرای کرد (لە وتارێکیدا بەناوی تێگەیشتنی ئادەمیزادی ساڵی ١٧٦٠) گشت زانیارییەکانمان بەرهەمی کارایی و رامانەکانمانن کە بەبێ ئەوان هزرەکان بوونیان نییە، شارەزایی و کارامەییشمان لە یەکێتیی هەستەوەرییە جەستەییەکانمانەوە سەرچاوەیان گرتووە لە دووتوێی ئەندامەکانی چاو و گوێ و ئەوانی دیکەوە...

بە بڕوای زانا جۆن لۆک هزرەکانمان لە دەرئەنجامی پوختەی تووخمگەلێکی دیاریکراوەوەیە بۆ هەموو کارایی و شارەزاییە جوداکانمان کە لە یەکێتیی یەکەیەکی تەواودا یەکیان گرتووە، بۆ وێنە بیرۆکەی داد لە دەرئەنجامی چەند کارامەیی و شارەزاییەکەوە دەستەبەر بووە، کە کردارە دادوەرییەکان دەگرێتەخۆ، ئەم تووخمە گشتییانەش کورتکراوەی هەمان شارەزایی و کارزانین کە لە یەکەیەکی تەواودا یەکیان گرتووە

و به بیرۆکه نـــاوزەد دەکرێت. جیاوازیی گەورەش لەنێوان هەڵوێستی جۆن لۆک و دیکارتدا لەوەدایە کە لــۆک بڕوای وابوو پەیوەندی لــە نێوان هزر و هەستەکانماندا لەئارادا نییە.

کاتێک بە ئاوەز بیردەکەینەوە، بەشێوازی هزر یان وێنەی زەینی بێت، پێویســـتە زانای ئەڵمانی هێربـــەرت ١٨٤١-١٧٧٦ (Herbert) بـــە هێند وەربگرین، بەخششـــەکانی لە بواری دەروونناسیدا کاریگەریی گرنگی هەیە لەسەر تیۆری پەروەردەیی، ئـــەو وای دەبینی کە ئاوەز کۆمەڵێـــک هزرە یان بارســـتاییەکە لە پەیوەســـتبوونی هەســـتی، کە تێدەکۆشـــێت بـــۆ داگیرکردنی شـــوێنی شـــیاوی خۆی. هزر و وێنە زەینییەکان ســـێ جۆرن: هزری لەیەکچوو، هزری ناکۆک و هزری جوودا.

هزری لەیەکچوو، لە کاتی جیاوازدا لەیەکدەچن، نموونەی ئەوەش خوێندنی باڵندەیە لە سبەیناندا، ئەمەش یەک بیرۆکە یان وێنەی زەینییە، خوێندنی باڵندەکەش لە ئێوارەدا هەمان شتە، کە وێنەیەکی زەینیی وێکچووە.

هزری ناکۆکیـــش، ناکۆک نین بـــە مانای دژ، بەڵکو لـــە جۆردا جیـــاوازن، بۆ وێنـــە خوێندنی باڵنـــدە و دەنگی گڕی پیاوێک جـــوودان. وێنەی زەینـــی جووداش، ئەو وێنانـــەن کە وێنەیان نییە.

بۆ نموونە: وێنـــەی زەینیی خوێندنـــی باڵندە لە وێنەی پارچە کولێرەیەک جوودایە. ئێســـتاش ئەو وێنە زەینییە جیاوازانە ئامادەن ڕێگە بەرەو مێشک بگرنەبـــەر، ئەگەر دوو وێنەی زەینی لە یەک کاتدا ئامادەبوون، لە یەک وێنەی زەینییدا دەتوێنەوە، بە مەرجی لێکچوونیان.

نموونەی ئەوەش یەکێتیی زنجیرەیەک لە نۆتەی موزیکییە لە یەک ئـــاوازدا، بەڵام کاتێک ئەم وێنە زەینییـــە جیاوازە لە کردارێکی درێژخایەنی ئاڵۆزدا یەکبگرن، بۆ وێنە سینەما، وێنەی جوڵاو دەبینین و گوێمان لە ژاوەژاوی دەنگە جووداکان دەبێت، لە دووتوێی کردارە ئاڵۆزەکانەوە وێنەی سینەماییەکی قسەکەرمان بۆ دەخەملێنێت، بەڵام ئەگەر تواندنەوە و ئاڵۆزی ئەستەم بوون، ئەوا لەنێوان وێنە زەینییە ناکۆکەکاندا کێبڕکێ دەردەکەوێت، ئەو کاتەش یان گوێ بۆ خوێندنی باڵندە یان دەنگی گڕی پیاوەکە دەگرم، لێرەشـــدا ئەو بیرۆکەیەیـــان کە بەهێزترە کێشـــەی یەکەم یەکلایی دەکاتـــەوە، ئەگەر مکوڕ نەبم لەسەریان یان هەڵاودێری نێوانیان نەکەم.

هەر کاتێک هـــزرەکان یان وێنـــە زەینییەکان ئاوەزیـــان بڕی هەرگیز ون نابـــن، ئەگەر هزرەکان بەرەو مەڵبەندی ئاوەز جوڵان، ئەوا تیشـــکۆییانە دەبێـــت و بە ئاشـــکرایی دەردەکەوێت، ئەگەر ئەو

کردارەشـــی ئەنجـــام نـــەدا، ئەوا یـــان دەبێت لە دەرەوەی ئاوەزدا و لە لێواری هەســـتدا جێگەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، لە پەراوێزێکی پێوانەییدا یان بەلای جیهانی نەستدا تێپەڕببێت.

هێربێرت-ی زانا پێشنیاری زۆری ئەوانەی کرد، کە زانا و دەروونناس فرۆید Freud سەلماندنی، زانایانی دوای ئەویش بەهەمان شـــێوە سەلماندیان و ڕاستیی ئەوە پاشتر دەبینین. سەرباری ئەوەش هێربێت کۆششی زۆری بۆ ئەوە کرد کە زەمینە بۆ دەروونناســـی خۆش بکات، کە لە پەروەردە نزیک ببێتەوە.

دەبێت ســـەرنجی ئـــەوەت دابێت کە پێشـــتر دەربارەی کۆمەڵە هزری نێو ئاوەز قسەم کرد کاتێک بیرۆکەیەک ڕاگـــوزەر دەکات، وەردەگێرێت ئەگەر جێگای شـــیاوی لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا دۆزییەوە، واتە لەنێو بارستایی درکپێکراوی ناوەکی-هەستیدا، با ئەوەش ڕوون بکەمەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

دەتوانیت بەشـــێوازێکی خێراتر لـــە کتێبێکی سایکۆلۆژیا تێبگەیت ئەگەر بیرۆکەیەکت سەبارەت بە بابەتی دەروونناســـی هەبێت، بەواتای ئەگەر لە ئاوەزتدا کۆمەڵێک هـــزر هەن، کە پەیوەندییان بە سایکۆلۆژیاوە هەیە، ئێســـتاش ئامانجی پرۆسەی پـــەروەردە چاندنی هزرەکانە لـــە ئەقڵی منداڵدا،

هێربێـــرت پێـــی وابوو ئەوپـــەڕی داناییـــە ئەگەر مامۆســـتا توانیی بە هزرەکانـــی نێو ئەقڵی منداڵ ئاشـــنا بێت، هەر لەبەر ڕۆشـــنایی ئەوەی هێربێت پێشکەشـــی کرد ئەو هزرە نوێیانەیە کە بەشێوازی گونجاو و ماقووڵ دێنەدەرەوە لەو کۆمەڵە هزرانەی لەنێو ئاوەزدا هەن.

نموونـــەی ئەوەش، کاتێک مامۆســـتا وانەیەک سەبارەت بە دابونەریتی باڵندە بە خوێندکارەکانی دەڵێتـــەوە، کە منداڵان وا ڕاهاتوون بیبینن و بزانن دەربارەیان، پاشـــان ئـــەو زانیارییـــە نوێیانە بەو کۆمەڵە هزرە تایبەتانەوە دەبەستنەوە.

پاش ئەوەی بۆچوونـــی هێربێرتمان تێپەڕاند، بـــەوەی کـــە ئەقڵ کۆمەڵێـــک هزرن، گشـــتییان لـــە پێناوی هەژموونداا تێدەکۆشـــن، بـــا ڕامانێک لـــەو پەرەســـەندنە گرنگـــەی دیکـــەدا بکەین لە دەروونناســـیدا، کـــە بەزانســـتی فراســـە الدماغ فرینۆلۆژی Phrenology ناودەبرێت.

ڕەنگە زانیاریی ســـاکارت لەبارەی ئەم زانســـتەوە هەبێـــت، زۆرجار نەخشـــەی ڕوونکردنەوەی ســـەری ئادەمیزادێک دەبینی کە ئاماژە بەبەشەکانی مێشکی دەکات بەنـــاوی ناوچەی یاد و ناوچـــەی بیرەوەری و ناوچەی قســـە، ئەم نەخشـــەیە لە گۆڕەپانی تایبەت بەنمایشە کلاسیکییەکان لە دەرەوەی چادری ئەو پیاوە

هەڵواسراوە کە بەپیاوی فراسە یان چاکبین ناسراوە.

ئـــەم پیـــاوە ڕایدەگەیەنێت کە لـــە توانایدایە ئەو زانیارییەت پێببەخشـــێت کـــە توانای ئەقڵی جۆراوجۆرت هەیە، زانیاریت دەربارەی کەســـێتیی خۆت پێشکەشدەکات، تەنیا بە دەستلێدانی شوێنە دەرپەڕیوەکانی ســـەرت، بەڵام ئەگەر ئەم تیۆرەو شـــێوازەکەی ڕاســـت بوونایە، ئەوا دەروونناسان دەیانتوانی هەزاران سەعات سوودمەند بن و بەفیڕۆ نـــەدەن لە هەوڵیاندا بۆ مەزەندەکردنی توانســـتی تاک و کەســـێتییەکەی، بەڵام بەداخەوە ئەم بڵقە وەهمـــی و فرینۆلۆژییانە بەخێرایی تەقین و لەگەڵ بادا ڕۆشتین.

فرانز جۆزێـــف گال Franz Josef Gall ١٧٥٨-١٨٢٨ ئەو زانایە بوو کە تیۆری فراســـەی مێشـــکی داهێنا، کە هەر لـــە منداڵییەوە گرنگ و بایەخی نائاســـایی بەپەیوەندیی نێـــوان قەبارە و شـــێوەی کەللەســـەری هاوڕێکانی و توانای ئەقڵی و خەسڵەتی کەسێتییان دەدا، ئەو وەک گەنجێکی کۆششـــکار خوێندنەکەی لە بـــواری توێکارزانیدا یارمەتیدەری بوو لە پەرەسەندنی ئەم بایەخپێدانە.

پاش ئەوەی لەڕێی نەخۆشخانەکانەوە زانیاری زۆری کۆکـــردەوە، تیـــۆری نـــاوداری فرینۆلۆژی Phrenology داهێنـــاو لـــە ئەوروپـــادا کۆڕ

و ســـیمیناری لەبـــارەوە ســـازدا و ســـەرکەوتنی بەدەستهێناو بایەخی میللی لە ئەمەریکا و بەریتانیا وروژاند. بەڵام توێژینەوەکان لەسەر مێشک ئەوەی سەلماند کە ئەم تیۆرە لە بناغەوە درۆیە.

هەرچۆنێک بێت، گال Gall نووشووستی هێنا لەو هەوڵەیدا کە دەیویست جوگرافیای سەر بکاتە تەرازوو یان پێوەرێک بۆ توانســـتی ئەقڵی، بەڵام ســـەرکەوتنی بەدەســـتهێنا لەو بوارەدا کە دڵنیای کردینەوە پەیوەســـتیی توندوتۆڵ لەنێوان ئەقڵ و مێشکدا هەیە، لە دەرکەوتنی ئەگەری چڕبوونەوەی هەڵچوونە دیاریکراوەکان لەمەشدا گال شایانی ڕێز لێنانی گەورەتر بوو لەوەی چنگی کەوت.

لێکۆڵینـــەوە ســـەبارەت بـــە ســـایکۆلۆژیای هـــزر و بەهرە ژیرییـــەکان مەحاڵـــە، ڕۆژێک دێت پێویستیی بە تێگەیشـــتنێکی ڕاستیی کۆئەندامی دەمارییە، لەوانەش مێشـــکی مرۆڤ، ئەگەر ئەقڵ لە کۆمەڵێک هـــزر پێکهاتبێت، کە لە ڕێی ئەندامە هەســـتەوەرییەکانەوە بیگەنێت، داخۆ دەبێت چی بقەومێت لەنێوان شتی بینراو و کارامەیی کردارەکی بۆ بینینی، بیرۆکەی ئەو شتەش چییە؟ ئەی چۆن درک بەو شتە و شتەکانی دیکە دەکەین؟

مەزەنـــدە کردنی جـــۆن لۆک تەواو دروســـت بـــوو کاتێـــک ویســـتی بیســـەلمێنێت کە گشـــت

زانیارییەکانمـــان لە دەرئەنجامی شـــارەزایی پێش وەختە و تێڕامانەکانمانەوە خەمڵیون کە بێ ئەوەش هزرەکان بوونیان نییە، شـــارەزایی و کارامەیشمان بریتییە لە یەکێتی هەستە جەستەییەکانمان لە ڕێی ئەندامە هەســـتەوەرییەکانەوە: وەک چاو و لووت و گوێ...

هەوڵە فیزیۆلۆژییە جدییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی پرســـیاری ســـەبارەت بە چۆنییەتیـــی وەرگرتنی هەســـتەکان لە هەموو ڕاو هەستە کارتێکراوەکاندا، تەنیا لە سەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد.

زانای ســـکۆتلەندی چارلـــس بێل Charles Bell دوو جـــۆر دەمـــاری دۆزییـــەوە، ئەوانیش: دەماری هەستەوەری و دەماری بزوێنەری.

دەماری هەســـتەوەری، وریاکەرەوەی هەســـتی دەگوێزنـــەوە بۆ مێشـــک، دەمـــاری بزوێنەریش، وەڵامدانەوە دەگوێزێتەوە بۆ بەشـــە گونجاوەکانی لەش.

ئەم دۆزینەویە هێند پڕ بایەخ و بەهادار بوو بۆ ئەو زانایانەی لە لێکۆڵینەوەی کاری جۆراو جۆری مێشـــکدا گەشـــتبوونە قۆناغی کۆتایی. یەکەمین زانایەک لە کایەی فســـیۆلۆژیدا زانای سکۆتلەندی پێیـــر فلۆرانـــس Pierre Flourens بوو کە

تاقیکردنەوەکانی لەسەر مێشکی کۆتر بەئەنجام دا.

ئەم کارەشی جیاواز بوو لە کاری فرینۆلۆژییەکان، چونکە کارەکەی مۆرکی پرسی زانستی جێگیری پێوە دیار بوو، ئەوەی سەلماند کە مێشک وەک گشت کاردەکات، کاتێک هەر بەشێکی ئامادەباشی تێدا دەبێت، نەک بە بەشی جوودا وەکو چۆن گاڵ و قوتابییەکانی بڕوایان وابوو.

بوونیاد و سروشتی پێکهاتەی مێشک بوونە بابەتی زانستی گرنگ، بەخێرایی ئەوە دۆزرایەوە کەوا مێشک لە دوو ماددەی جیاواز پێکدێت: ماددەیەکی سپی و ماددەیەکی خۆڵەمێشی.

ماددە خۆڵەمێشییەکە لە ژووری دەماری پێکهاتووە و ماددە سپییەکەش لە ڕیشاڵی دەماریی گوێزەرەوە پێکهاتووە.

زانای سکۆتلەندی مارشاڵ هۆڵ Marshal Hall ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ڕەنگە جووڵەی جەستەیی دیاریکراو هەبێت بەبێ یارمەتی مێشک ڕووبدات، تاقیکردنەوەکانی لەسەر هەندێک گیاندار ئەنجام دا، کە سەربڕدرابوون، ئاکام و دەرئەنجامەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە هەندێک جووڵەی جەستەیی لە دەرەوەی چێوەی هەست یان کۆنترۆڵی ویستدان.

ئەزموون و تاقیکردنەوەی زۆر لەسەر

کۆئەندامـــی دەماریی و دۆزینـــەوەکان، بایەخدانی بـــە ئەندامەکانی هەســـتەوەرییەوە قوڵترکردەوە، نـــاوداران و ناوگەلێکـــی زۆر ناســـراو هـــەن کـــە خوێندکاری تێکۆشـــەر لە دەروونناســـیدا باشیان دەناسن و لەوانەش زانا: هێلمۆلتز Helmoltz و هێرینـــگ Hering و وێبەر Weber و فیخنەر Fechner، کە تیۆرییان ســـەبارەت بەبینین و زانا هلمولتز دەربارەی بیستن کاری کردووە.

بـــەڵام زانایان وێبەر و فیخنـــەر کارو خزمەتی مەزنیان لەکایەی دەســـتلێدان و توانستی جیاوازی لەنێوان کێشـــە جیاوازەکاندا پێشکەش کرد. هەر لە ڕۆژگاری ئەواندا هەردوو هەستەوەریی بۆنکردن و چێژوەرگرتـــن خوێندراو لێکۆڵینەوەیان لەســـەر کـــرا، ویبەڕی زانا لەم کایەیەدا خزمەتی بەرچاوی پێشکەش کرد.

دەرئەنجامـــی ئـــەو ئەزمـــوون و تاقیکردنەوە فسیۆلۆژییانە و دۆزینەوەکان هەنگاوی گەورە بوون بـــەرە و بڕوابوون بەوەی بیر و هەســـتی ویژدانی و ویســـت و ئارەزووەمان و دەکرێت شـــرۆڤە بکرێن پێکەوە بە زمانی کۆئەندامی دەمار.

بەڵام پشـــکنینەکان بە وردی ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە تێگەیشتنی مەتریاڵی لە پرۆسە ژیرییەکان ناکرێت بەرجەســـتە بکرێن و بپارێزرێن، هەرچەندە

کەس ناتوانێت نکۆڵی لە گرنگیی ڕۆڵی کۆئەندامی دەمار لە کرداری ئەقڵی و هەڵسوکەوتماندا وەک گشت بکات، تا چاخی چارلس داروین Charles Darwin بایەخدان بە دەروونناسی چڕبووبووەوە لە چۆنیەتیی دەستکەوتنی زانیاری لەلایەن مرۆڤەوە لە جیهانی دەوروبەری خۆیەوە و چۆن وەک ئاکامی شارەزاییەکەی کارلێکی لەگەڵدا دەکات.

بەڵام یەکێک لە هەرە دیارترین کارەکانی لە سەردەمی داروین-دا پێشکەش کرا، فاکتەرێکی نوێ بوو لە لێکۆڵینەوەی دەروونناسیدا کە ئەویش بیرۆکەی پەرەسەندن بوو: هەموو شێوەکانی بوونەوەرە زیندووە باڵاکان لە شێوە نزمەکان پەرەیانسەند، هەروەها پێویست بوو تێبینیی لایەنە هاوبەشەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و ڕەفتاری گیانلەبەران بکرێت.

هەڵەشە ئەگەر بووترێت کە داروین یەکەمین کەسێکە بیرۆکەی پەرەسەندنی ڕاگەیاندبێت، بیرۆکەکە زۆر کۆنترە لە داروین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوبوو کە شێوەیەکی تایبەتی پێبەخشی، پاش ئەوەی ساڵانێکی دوورودرێژ لە توێژینەی جیددی کاری دەکرد.

لەهەمان ماوەدا، هەربەرت سپنسەر Herbert Spencer کە پرەنسیپی دەروونناسیی نووسی

له ساڵی ١٨٥٥دا، بایەخی هاوشێوەی بە بیرۆکەی پەرەسەندن دا. لەنێو ئەو کارانەی کە لە گۆشەی بایۆلۆژییەوە پێشکەشی دەروونناسیی کرد، ئەو بڕوایە کە دەڵێت خەسڵەتە وەرگیراوەکان لە باوکانەوە بۆ ڕۆڵەکانییان دەگوێزرێنەوە، ئەم بۆچوونەش بە پەرگیری ناوبراو هێرشی کرایە سەر، ویسمانweismanی ڕەخنەگر هێرشی کردە سەر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وێنە شۆڕشگێڕییەی تیۆری پەرەسەندن هەیبوو، بەڵام بێبەری نەبوو لە ڕاستی.

هەر لە ڕۆژگاری سپنسەرەوە دەروونناسەکان ئەو بڕوایەیان لەلا گەڵاڵەبوو، کە دەڵێت: هەموو تاکێک خەسڵەتە نەژادییەکانی بۆ دەمێنێتەوە، هەرچەندە هەندێکیان بڕوایان وابوو خەسڵەتە وەرگیراوەکانی باوک دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەکان.

ئەوەی کە داروین و سپنسەر پێشکەشیان کرد بۆ سایکۆلۆژیا، شایستە و شایانی وتن بوون، ئەویش ئەوەبوو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەقڵی ئادەمیزاد بە پێویست دانرا، نەک هەر لە پەیوەندیدا بە ژینگەوە، بەڵکو بەنیسبەت پەیوەندی بە باکگراوند و پێشینەی بۆماوەییشەوە.

سروشتییە کە ئەو جەختکردنەوەیە ببێتە مایەی وروژاندنی بایەخدان بە دەروونناسیی گیانداران، لە

زانا دیارەکانی ئـــەم بوارەش بریتی بوون لە فابەر Faber، کە لێکۆڵینەوی ســـەبارەت بە ڕەفتاری مێروو ئەنجام دا. زانا ڕۆمانس Romanes کە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە گیانلەبەران ئەنجام دا، هەڵەی گەورەشـــی کرد لەوەدا کە ڕەفتاری مرۆڤی لە ڕەفتاری گیانلەبەرەوە هەڵهێنجا.

هەروەهـــا زانـــا مـــۆرگان Morgan کـــە شـــێوازی چیرۆکئامێـــزی چەواشـــەی ڕۆمانس–ی زانای ڕاســـتکردەوە، بە پێشکەشـــکردنی یاسای کورتکردنـــەوە Low of Parsimony کـــە بەپێی ئەم یاســـایە وا پێویســـت دەکات ڕەفتاری گیانلەبەر بە ئاسانترین شـــێواز و لەڕێی و وشەی سادە لێکبدرێتەوە، بە مەرجێک هەموو ڕاستییەکان لەبەرچاو بگیرێت.

بۆنموونە دەربارەی ئەوە، چیرۆکی سەگی ئەو شـــوانەیە کە دەچێتە کڵێسا لەگەڵ خاوەنەکەیدا. بە پێودانگی شێوازی چیرۆکئامێزی (تیۆرییەکەی ڕۆمانس) ئەو سەگە دەچێت بۆ کڵێسا، لەبەر ئەوەی وەکـــو خاوەنەکەی دیندارە، بەڵام بەپێی یاســـای کورتکردنەوە، دەبێت بڵێین: ئەو ســـەگە چوو بۆ کڵێســـا لەبەر ئەوەی دەیەوێت لەگەڵ خاوەنەکەیدا بێت. بێجگە لەو زانایانەی ناومان هێنان پێشـــتر، دەبێت ناوی هەریەک لە ســـۆرندایک Thorndike

لە ئەمەریکا و کۆهلەر Kohler لە ئەڵمانیا بێنین.

زانایەکی دیکە کـــە کاری فرە لایەن و بایەخی جیاوازی لە دەروونناســـیدا هەبـــووە، پاش داروین و سپنســـەر یەکێک بوو لـــە لایەنگرانی ئەنگێزەی هەقیقـــەت لە لێکۆڵینـــەوەی ڕەفتـــاری مرۆڤ و گیانلەبەرانـــدا وەک یـــەک. یەکـــەم کاری گرنگی سەبارەت بە بۆماوەی Hereditary Genius بلیمەتی ئەنجام دا. کە بە پاڵپشتی تیۆری بۆماوەیی بوو، بە ڕای ئـــەو: بلیمەتی و هەڵکەوتوویی لەنێو بنەماڵە و خێزانەکاندا دەگوێزرێنەوە، ئەم شـــتەش بە دیوێکدا ڕاســـتە و بـــە دیوەکەی دیکەدا دەبێت ســـڵ لە بڕواپێکردنی بکەینەوە، چونکە ناتوانرێت بە ئاســـانی و تێروتەسەلی توانستی ژیریی شرۆڤە بکرێت و لێکبدرێتەوە.

لەپاڵ بۆماوەییدا پێویستە هۆکارەکانی دیکەش بەهێند وەربگرین، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندیی هەیە بـــە ژینگەوە، بۆ ئـــەوەی مافیش بدەین بە گالتۆن دەبێت بە ڕاشـــکاوی بڵێین کە ئەو هۆکاری ژینگەی فەرامۆش نەکردووە بەتەواوی. هەرچۆنێک بێت لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی بەهرەی خۆڕســـکی تـــاک، لە ئەنجامدا گەیاندیـــە بابەتی چاکترکردنی وەچە، واتە زانستی چاککردنی ڕەگەزی ئادەمیزاد.

لێکۆڵینـــەوی بۆماوەیی تاقـــە خزمەتێک نییە

کــه گالتۆن پێشکەشــی ئەم زانســتەی کردبێت، لێکۆڵینەوەکــەی ســەبارەت بــە بیرداهاتــن و خەیاڵکردنەوە بە سروشتی خۆی زیاتر پەیوەندیی هەبــوو بــە دەروونناســییەوە وەک لــە بۆماوە، ئامانجــی لێــرەدا ئــەوە بــوو دۆزینــەوەی ئەو شــێوانەی خەیاڵکردنەوە بوو کە تاکەکان لەکاتی یادکردنــەوەدا بەکاریدەهێنــن. لەنێــو دۆزینەوە گرنگەکانیــدا: یادکردنەوەی بینــراو بووکە لەنێو خەڵکی نەخوێندەواردا بەتایبەت منداڵان باوە.

هەرگیز ئەم لێکۆڵینەوەیــە کۆتایی بە گالتۆن نەهێنــا، چونکــە تا ئێســتا ژمارەیەکــی زۆر لە خوێندکارانی توێژەری ســەرقاڵ کردووە. سەرباری ئەوەش گالتۆن بایەخی زۆری بەتوانســتی ئەقڵی تاک داوە، پشــکنینەکانی ئاماژە بۆ سەرەتای ئەو کارە سەرنجڕاکێشــەرە دەکەن، کە دەروونناســە پەروەردەییەکان لە ئێســتادا پراکتیزەی دەکەن، کاتێک لەڕێی تاقیکردنــەوەی تاکەکانەوە زیرەکی مرۆڤ هەڵدەسەنگێنن.

ئەگەرچــی هەریەکــە لە کاری فســیۆلۆژی و کاری ئەزموونــکاری چێژبەخشــن، بەڵام زۆرینەی هزرەکانی نێو دەروونناســی لە ئەقڵی فەیلەسوف و بیرمەندەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کارەکانی ئەوانیــش بە دەروونناســی سیســتمی ڕێکوپێک

ناونراوە، کە جوودابوون لە سایکۆلۆژیای فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیای ئەزموونی، دەتوانین بیرمەندان: ئەرستۆ و ئۆگەستین و ئەفلۆتین و دیکارت و کۆمەڵێکی دیکە و لەوانەش: لۆک و هێربێرت لە قوتابی هەمان قوتابخانە و ڕێباز دابنێین.

لە پێناوی ئەوەی ئامانجمانە بیگەینێ، دەکرێت چاوێک بە کەسایەتییە سەرەکییە ناودارەکانی چاخی نۆزدەدا بگێڕین. میل J.S. Mill بەرامبەر بەو بیرمەندانە وەستایەوە، کە بە بیرمەندانی ڕێبازی پەیوەندیداری (Associationists 1) ناسرابوون، کە باوکیشی یەکێک بوو لەوان.

ئەو بیرمەند و زانایانە بڕوایان وابوو کە ئەقڵ بریتییە لە هزری پەیوەست پێکەوە، بەڵام میل وای دانا ئەوە بەشێکە لە کیمیای ئەقڵ، ئەوەشی بەدرۆخستەوە لەبەر ئەوەی گوایە نەیتوانیوە چۆنیەتیی باوەڕهێنان بە شتەکان ڕوون بکاتەوە، واتە دارشتنی ڕێسا و دانانی تیۆرییەکان لەهەمان بیر و هزر، ڕەخنەکەی میل ڕاستبوو هەرچەندە بە تەواوەتی دانەبڕابوو لە ڕێبازی پەیوەندیداری.

یەکەمین کەسێک کە دەروونناسیی بە زانستێک و بابەتێکی سەربەخۆ دانا و بە لقێک لە لقەکانی فەلسەفە و فسیۆلۆژیای دانا، زانا ئالێکساندەر بەین Alexander Bain بوو کە کاتی خۆی

بۆ ئەم زانســـتە تەرخانکرد یەکەمین کەسێک بوو کتێبێکی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دانا.

ئەم کتێبە لە دوو بەشدا دەرکەوت: یەکەمیان: هەستەکان و ئەقڵ ساڵی ١٨٥٥، دووەمیان: ویست و هەڵچوونـــەکان ســـاڵی ١٨٥٩، لە ســـەروەختی دەرچوونیاندا زۆر ســـوودمەند بوون و تا ئێستاش دەتوانین بەپەســـەندکردن و بایەخی زۆرەوە چەند بەشێکی تەواویان لێ بخوێنینەوە.

بەین Bain لـــە هەوادارانی ئەو بیرۆکەیە بوو کە دەیگوت: بۆ تێگەیشـــتنی ئەقڵ بەشـــێوەیەکی ڕاستەقینەیی، دەبێت زانیاریی بنەڕەتی دەربارەی جەســـتە وەدەســـت بێت. بـــەلای ئـــەوەوە ئیدی وتووێژ ســـەبارەت بە پەیوەندی ئەقڵ و جەستەوە نامێنێت، چونکە بە دوو زنجیرەی هاوتەریب وێنای کردبوو. لەو چرکەیەدا کە کردارە ژیرییەکان دەست پێدەکەن، کـــردارە جەســـتەییەکانیش چوونیەک دەست پێدەکەن و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. لە ڕاستیدا ئەم کردار و پرۆسانە بە هەردوو جۆرەکەی لە دوو شـــەمەندەفەر دەچن، کە لەسەر دوو هێڵی هاوتەریب پێشبڕکێ بکەن.

زانـــا بەیـــن Bain بەرامبـــەر بـــە ڕێبـــازی پەیوەندیداری و قبوڵکردنی لەگەڵ بڕوای میل زۆر نزیکن، بەڵام ئەمیان گرنگـــی زیاتریدا بە هۆکاری

تێکۆشـــان و ئەنگێزەکان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەقـــڵ وەک مەکینە یان ماشـــێنێک کارناکات هـــەروەک چـــۆن ڕێبـــازی کۆنـــی پەیوەندیداری ڕایگەیاند، چونکە چالاکی کاتی ژیری لە دەرەوەی مەملەکەتی هزرەکاندا بوونی هەیە.

لۆتز Lotze فەیلەسوف و بیرمەندی ئەڵمانی جەختـــی لەســـەر پەیوەندی ئەقـــڵ و کۆئەندامی دەمار کردووەتەوە، هەرچەندە کە ئاماژەی بەوەی گۆڕانی ئەقڵ بۆ پەیوەندیی فسیۆلۆژی ئاڵوگۆڕکراو ئەســـتەمە، ئەمـــەش ڕیفۆرمیێکی کاتـــی بوو بۆ ئاڕاستەکانی هزر بوو لەو سەردەمەی ئەودا، کاتێک فسیۆلۆژیســـتەکان ســـەرقاڵی لێکۆڵینـــەوە بوون لەسەر کۆئەندامی دەمار.

لۆتز زانایەکی فســـیۆلۆژی بووە، بەڵام بەهۆی بایەخدانـــە فەلســـەفییەکەیەوە لـــە لێکدانەوەی ماددییانـــەی ئەقڵـــی ئادەمیزاد ئـــازادی بوو. لە هەقیقەتدا ئێمـــەش قەرزارباری ئەوین لە بەرامبەر سەرزەنشت و ئامۆژگارییەکانی بۆ زانایانی ڕێبازی ماددی.

یەکێکی دیکە لەو زانایانەی لە دەروونناســـیی سیستمیدا کۆششیان هەیە، زانا سیلی Sally-ە، کـــە کتێبەکـــەی ســـەرەتایەک لە دەروونناســـیدا جێـــی کتێبەکەی بەیـــن Bainی گرتەوە و وەک

کتێبێکی فێــرکاری لەنێو خوێندکارەکاندا بڵاوبۆوە و دەخوێندرایەوە.

زانایەکــی دیکە کــە وارد Wardە کە وتارە سەرنجڕاکێشــەکەی لــە چاپی نۆیەمــی دائیرەی مەعاریفی بەریتانیدا نووســی، کە پاشتر لە چاپی یازدەیەمدا بەرفراوانتری کــرد. لەکاتێکدا کە لۆتز گورزێکی کوشــندەی لە لێکدانــەوەی مادییانەی ئەقڵ وەشاند، واردیش هەمان هەڵوێستی بەرامبەر بــە زانایانــی پەیوەندیــداری نوانــد، ئەویش بە پەردەلادان لەسەر نووشووستی ئەوان لە لێکدانەوە و بیانووهێنانەوەی گونجاندنی ئەقڵ و داهێناندا.

نووســەرێکی دیکە لەوانەی بە لێشاو کتێبەکانی دەخوێندرێتــەوە و دەخوێندرێــت، زانــا ســتاوت Stout–ە کــە کتێبەکەی کورتەیــەک دەربارەی دەروونناســی جێگای بەرزی داگیرکــردووە لە تاقی کتێبخانــەی هەمــوو خوێندکارە کۆششــکارەکانی خوێندنی دەروونناسیدا.

ناودارتریــن دەروونناســی سیســتماتیکی Systematic Psychology لە ئەمەریکا زانا ولیەم جیمس William James-ە، کە ئەویش وەک زاناکانــی پێش خۆی لەکایەی فســیۆلۆژییەوە دەبێتــە دەروونناس، کە دواجار وەک فەیلەســووف و بیرمەندێک دەرکەوت، بەڵام پێویســتی بە ڕوونی

و ئاشـــكرایی بوو. هەر کەسێک بخوازێت دوو بەرگی کتێبەکەی پرەنسیپەکانی دەروونناسی بخوێنێتەوە، ئەوا لە شێوازی خستنەبەر چاوی بابەتەکەیدا هەست بەبێزاری ناکات.

بێســـوودە ئەگەر هەوڵ بدەین کارەکانی جیمس لە بواری سایکۆلۆژیادا کورت بکەینەوە لەم تێڕوانینە کورتەدا سەبارەت بەمێژووی ئەم زانستە.

پێش ئەوەی سایکۆلۆژیا لەنێو زانستەکاندا جێی خۆی بکاتەوە، پێویست بوو کە هەندێک تاقیکاری بەئەنجام بگەیەنێت بۆئەوەی زیاتر بابەتی بێت، لەم بوارەشدا گالتۆن Galton کاری زۆری کردووە.

بەڵام زانای ئەڵمانی واندت Wandt لە شاری لاینبـــرگ، بیرکردنـــەوەی لەســـەر کارێکی گرنگی سەرســـامکەر چڕکردەوە لەبواری ســـایکۆلۆژیای ئەزموونیـــدا، کـــە دواتر دەگەڕێمـــەوە لای واندت و پەیوەندیـــی ئـــەو بەقوتابخانەی دەروونناســـیی تێڕامانـــی ناوەکییـــەوە Psychology Introspective.

لێـــرەدا دەکرێـــت بیـــروڕای ئـــەو زانایە ڕوون بکەینـــەوە کـــە پێـــی وایـــە ئەقـــڵ لەهەســـتی پەیوەســـتیدار پێکهاتـــووە، بەمشـــێوەیە ئەویش دەبێتە لایەنگـــری نزیکی هێربێت لە زانیارییەکانی لەسەر هزر و وێنەی زەینی و زاراوە هونەرییەکاندا،

کە دەربارەی تواندنەوەی هــزرەکان و ئالۆزییانی نووســـی، زیاتر لەوەش ڕۆیشـــت و ســـەبارەت بە وەرگرتـــن Assimilation قســـەی کـــردووە، واتە وەرگرتنێکـــی میتاپۆلیزمییانە و میتاپۆلیزمی خـــۆراک، کـــە بریتییە لە پرۆســـەی وەرگرتن یان هەڵمژینی هەستێک بۆ هەستێکی دی.

وانـــدت بیرۆکەیەکـــی نوێی بۆ دەروونناســـی پێشـــکەش کرد کە بریتی بوو لە تیۆری هەســـتی ویژدانی سێ ڕەهەندی Theory of Feeling . پێشتر وادەزانرا کە هەســـتی ویژدانی بریتی بووە لـــە خۆشـــی و خەمگینی و مـــاوەی بەردەوامی و قووڵیان، بەڵام بەلای واندت–ەوە ســـێ کۆمەڵە لە هەســـتی ویژدانی جووت جەمسەری هەن و بریتین لە: خۆشـــی و دڵتەنگی، شڵەژان و خاو بوونەوە، هەروەها هێمنی و دڵەڕاوکێ.

لـــە تاقیگەکەی خۆیـــدا لە شـــاری لاینبرگ، زۆرێک لە خوێندکارە بەجۆشـــەکانی خۆیان خستە ژێر تاقیکردنـــەوەی دەروونییەوە، کە واندت خۆی سەرپەرشـــتیی دەکرد و ئامێرێکی بەکاردەهێنا کە بە شـــێوازێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دروستکرا بوو بە مەبەستی پێوانەکردنی وەڵامدانەوە ئەقڵییە گونجاوەکان بۆ هەر ورياكەرەوەیەکی جیاواز و جیا لە یەکتری.

تاقیکردنەوەی دیکە ئەنجامدران لەســەر بینین و بیستن و دەســتلێدان (بەرکەوتن) و چۆنیەتیی پێوانەی کات و شــوێن و پێکەوەبەستنی وشەکان چەنــد دەخایەنن و چۆن وریایی قڵــپ دەبێتەوە و چۆن لەنێــوان تاکەکاندا جیــاواز دەکەوێتەوە. تاقیکردنەوەش ســەبارەت بەچۆنیەتی فێربوونمان بەئەنجام گەیەندرا.

وا چاوەڕوان دەکرا کە سایکۆلۆژی ئەزموونکاری ببێتــە هــۆی وروژاندنــی ڕەخنە، بــەڵام ورە و جۆشی ئەوانەی تاقیکردنەوەکانیان ئەنجام دەدا، ڕەخنەگــران نەیانتوانــی شکســتییان پێ بهێنن، هەربۆیەشــە کارەکانیــان بەجــۆش و خرۆش و پلاندارێژییەوە بەرەو پێشەوە ڕۆیشت.

ئەمــڕۆش لــە بەریتانیــا و ئەمەریــکا، ئەو خوێندکارانەی بابەتی ســایکۆلۆژی دەخوێنن و بۆ وەدەســتهێنانی پلەی زانســتی، پێویستە چەندان سەعاتی ئەزموونگەریی لەلابۆرەکانی سایکۆلۆژیادا بەســەربەرن. لەڕاســتیدا هەردوو دەروونناسان لە شــاری ئەدنبەرە د. دریفەر Dr. Drever و د. کۆلنز Dr. Colins ڕاســتییان وتــووە کاتێک دەڵێن: (ئیدی لەمڕۆوە ســایکۆلۆژی بێ بەشــی ئەزموونکاری، پارادۆکسێکی مێژوویيە)هەر شتێک لــە غەیری زەمەنی گونجاویــدا ڕوودات. هەروەها

ناتوانین خۆمـــان بەدوور بگرین لە دابەشـــکردنی ســـایکۆلۆژی بۆ لـــق یـــان بەشـــەکانی، چونکە کۆبوونـــەوەی زانیاری بەچەشـــنە جیاوازەکانی و چەندایەتییانەوە، لە ناوەڕاســـتی سەدەی نۆزدەدا توێژەرانـــی هان دا کە بابەتـــی تایبەت هەڵبژێرن و خۆیانی بـــۆ تەرخان بکەن، ئیـــدی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە گەلان وەک لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی دەســـتی پێکرد لەلایـــەن بیرمەنـــدان و زانایانی ئەڵمانی هێـــگڵ Hegel و واندت Wandt کە پێشتر باسمان لێوەکرد.

هەروەهـــا زانـــای دەروونی فەڕەنســـی کۆمت Comte و کتێبـــە ئەنترۆپۆلۆژییەکانـــی تایلۆر Taylor و ســـێرجۆن بـــۆک Sir John Lubbock ی تەکانێکـــی بەهێـــزی دایـــە بەر لێکۆڵینەوەی ســـایکۆلۆژی، پاش ئەوانیش ماریت R.R. Marett کـــە بنەچەی ژیاری مرۆڤایەتی خوێنـــد و لێکۆڵییـــەوە. هەروەها زانـــای ئەڵمانی ڤەتیز Waitz لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی دەربارەی ژیانـــی هوڤی و دڕنـــدەکان پێشـــکەش کرد، کە پشتی بەبەڵگەی زۆر بەستبوو کە لەماوە جیاکاندا کۆکرابوونەوە.

ماکس موولەر Max Muller خزمەتی خۆی لەم کایەیەدا پێشـــکەش کـــردووە، کە لێکۆڵینەوە

زمانەوانی و ئەفســانەییەکەی کاریگەریی بەنرخی هەبــووە، هەروەها زانا ســتاینتال Steinthal لێکۆڵینــەوەی ئەنجــام دا لەســەر پەیوەندیــی دەروونناسی بە زمانە جیاوازەکانەوە.

بــەڵام زانــای فەڕەنســی ئەمیــل دۆرکهایم Durkheim خزمەتی گەورەی بە سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێشکەشــکرد، بــەلای ئەوەوە: هزری مــرۆڤ تەنیــا بەرئەنجامــی چالاکییــە ئەقڵییە تایبەتەکانی خۆی نییــە ، بەڵکو بەرئەنجامی ئەو ژینگــەی کۆمەڵایەتییەیە کە تاک بەشــێکە لێی، بــڕوای بە هەبوونی شــتێک هەبوو وەک ئەقڵی بە کۆمەڵ کە ئەوەش شتێکە لە سەرووی تێکەڵکردنی ئەقڵی تاکەوەیــە لەناو کۆمەڵدا، ئەم زانایە لەڕێی سەرقاڵبوونییەوە بە لایەنی ژیانی دەروونی کۆمەڵە بەراییــەکان بــەم بیرۆکەیە گەیشــت، هەرچەندە تیۆرەکەی سەرنجڕاکێشە، بەڵام مرۆڤ هەستدەکات بێتوانابــووە لــەوەی لەڕێی بەڵگەی زانســتییەوە پشــتگیریی تیۆرەکەی بکات. بــەڵام ئەو تیۆری ئیلاســتیکی تر لە تیۆرەکــەی داروینیزمدا ڕەگی داکوتــی بوو، کــە پەرەســەندنی ئەقڵی مرۆڤی لەنێــو ژینگەی کۆمەڵایەتیــدا ڕوونکردەوە، لەبری ئەوەی بڕوا بە ئەقڵــی کۆمەڵی بهێنرێت، هەردوو زانایان ستانلی هۆل Stanly Hall-ە و بالدوین

Baldwin توێژینەوەیان دەربارەی لە چۆنیەتی پەرەســـەندنی ئەقڵی مرۆڤ ئەنجـــام دا لەمیانەی کارلێککردنی ئەقڵەکان پێکەوە لەنێو کۆمەڵدا.

یەکێکی دیکە لەو زانایانەی خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بە ســـایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کردووە، زانا ماکـــدۆگل Mcdougal بوو کە کتێبەکەی سەرەتایەک دەربارەی ســـایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ساڵی ١٩٠٨ کاریگەری گەورەی هەبووە بەسەر ئەم زانستەوە.

بەڵام سۆرندایک Thorndike لێکۆڵینەوەی ئەنجـــام دا دەربارەی سروشـــتی بنچینەیی وردی مـــرۆڤ لەبەر ڕۆشـــنایی ســـایکۆلۆژیای ئاژەڵاندا، لەگەڵ جەختکردنەوەی تایبەتی لەســـەر ئامانجی ئەنگێزەیی لەنێو سروشتی خۆیدا. لەم ڕۆژگارەشدا ســـەبارەت بەم بابەتە نووسینێکی نووساوە، وەک زانا ڕیڤەرز Rivers لە کتێبەکەیدا (دەروونناسی و زانستی ڕامیاری) کە ساڵی ١٩٢٣ نووسیویەتی، زانا ترۆتەر Trotter لە کتێبەکەیدا ئەنگێزەکانی مێگەل لە ئاشـــتی و شـــەڕدا، پێـــش ئەویش زانا گراهـــام والاس Graham Wallas کتێبـــی سروشـــتی ئادەمیزادی و زانستی ڕامیاری نووسی، هەروەها زانا باگیهۆت Bagehot ســـەبارەت بە سروشتییەکان و زانستی ڕامیاری نووسی.

ســـەبارەت بـــە ســـایكۆلۆژیای منـــداڵ، وەک سایكۆلۆژیای كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژیای ئاژەڵان، بەشـــێوەیەكی گشـــتی ڕەگی خۆی هەیـــە لەنێو دۆزینەوە پێشكەوتووەكانی ســـایكۆلۆژیادا. بەڵام وەک بابەتێكی ســـەربەخۆ، تەمەنی لە سەدەیەک تێناپەڕێت، پێش ئەو مێژووەش تەنیا بریتی بوو لە چەند كتێبێكی پەرشوبڵاو دەربارەی ڕەفتاری نامۆ یان ناوازەی تێبینیكراو لای منداڵان.

یەكەم لێكۆڵینەوەی ئاشكرا لەسەر ئەقڵی منداڵ لە ســـاڵی ١٧٨٦دا دەركەوتـــووە، كاتێک تیدمان Tiedmann كتێبێكی نووسی بەناوی دەفتەری تۆمارێک بۆ ژیانی منداڵ كە لەســـاڵی ١٨٧٧دا بۆ زمانی ئینگلیـــزی وەرگێڕدرا، هەروەها زانا چارلس داروین خۆشـــی بایەخی گەورەی بەم بابەتە داوە و ماوەیەكـــی زۆر تۆمارێكی پەرەســـەندنی ژیانی ڕۆژانەی لای خۆی هەڵگرتبوو.

جیمـــس ســـیڵی James Sallyیش ئەم بابەتـــەی بەهێزتركـــرد لە دووتووێـــی كتێبەكەیدا بەنـــاوی ســـایكۆلۆژیای منداڵی كە ســـاڵی ١٨٩٥ بڵاوی كردەوە، پاشان زانا بالدوین-یش لە ئەمەریكا تەكانێكی دیكەی بەم بابەتەدا و كتێبێكی نووسی سەبارەت بە پەرەسەندنی ژیریی لە منداڵ و وەچەدا هەروەک چۆن پێشتر كتێبەكەی ترەیسی Tracy،

دەروونناســـی قۆناغی منداڵی هەمان ڕۆڵی بینی، هەروەها پێویستە بەتایبەتی باس لە زانای ناوداری فەرەنســـی ستانلی هۆڵ بکەم، کە یەکەم تاقیگەی لە ئەمەریکادا و لە ساڵی ١٨٨٣دا بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونناسی ئەزموونکاری کردەوە.

پێویستە کە کۆششـــی قوتابخانەی فەرەنسی بە ســـەرۆکایەتیی بێنێـــی Binet لە بیر نەکەین و چاوپۆشـــیی لـــێ نەکەین، کە یەکەم کەســـبوو تاقیکردنەوەکانی زیرەکی داهێنا و بۆ پێوانەکردنی زیرەکی منداڵ دیزاین کرابوو، کە پاشـــتر گەشەی پێدرا و بۆ مەزەندەکردنـــی زیرەکیی گەورەکانیش بەکارهێنرا.

پێوانەکردنـــی گـــەورەکان، ئەمڕۆ لە ســـوپادا پراکتیک دەکرێت لەلایەن کۆمەڵێک لە دەروونناسە ڕاهێنەرەکانـــەوە لەو بـــوارەدا، هەروەها ئیتاڵیاش لـــە لێکۆڵینەوەی دەروونناســـیی منداڵدا خزمەتی جۆراوجـــۆری پێشکەشـــکرد لەمیانـــەی میتۆدی پەروەردەیـــی مەدام خاتوو مۆنتیســـۆری و زانای ئەڵمانـــی کۆفـــکا Koffka-ش لە گەشـــەکردنی ئەقـــڵ-دا ســـەرەتایەکی لە ســـایکۆلۆژیای منداڵ پێشکەشکرد.

لـــەو لێکۆڵینەوانەش کە شایســـتەی بایەخە لە ســـایکۆلۆژیدا، لێکۆڵینەوەی ئەقڵی ناوازەبوو، بڕوام

وایە کە ڕاســـتگۆییە کە بووترێت ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئەم زانستە زیاتر سۆزی جەماوەری بەرەو لای خۆی کێشکرد. مرۆڤ دەتوانێت ئەوەش بڵێت کە سەرنجڕاکێشان بۆ ئەم بابەتە ئەوەندە بەهێزبـــوو، بـــووە هۆی دەرکەوتنی جـــۆری دیکەی ســـایکۆلۆژیای میللیی ساختە کە زیاتر لە جادووەوە نزیکبوو، کە وا پێویســـتی دەکرد خوێندکاری بواری سایکۆلۆژی، لەڕێی خوێندنەوەی زیرەکانە و هۆشیاریی ئەم بابەتەوە، خۆی لێیان بپارێزێت.

جۆرێکـــی دیکەی ســـایکۆلۆژی کـــە ئاماژەی پێـــدەدەم لێـــرەدا، بریتییـــە لـــە ســـایکۆلۆژیای نەخۆشـــی (٢) Psychopathology یـــان ئەوەی کە هەندێجار بە ســـایکۆلۆژیای قوڵاییەکان Psychology depth ئاماژەی بۆ دەکرێت، چونکـــە توێژینەوە لـــە قوڵایی مێشـــکدا دەکات ســـەبارەت بەزانینـــی هۆکارە جیاکانـــی ڕەفتاری مرۆڤ، چ سروشتی بێت چ ناوازە و دانسقە بێت.

ڕاســـتە ئەگەر بووترێت چاکبوونەوەی دەروونی ســـەرەتاکەی لە نۆژدارییەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک لە هیـــچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی جیددی سایکۆلۆژیدا، پەیوەستییەکی زۆر پتەوی بەمێژووی خەواندنی موگناتیســـییەوە هەیە، کە یەکەمجار لە میانەی مێســـمەرییزم Mesmerism لە ساڵی

١٧٣٤–١٨١٥ دا پێشکەشـــکرا کە زانا مێســـمەر Mesmer دایهێنـــا لە دووتوێـــی تیۆرییەکەی خەواندنـــی موگناتیســـیداو وەک شـــێوەیەک لـــە شـــێوەکانی خەوتن کـــە نۆژداریـــی دەروونی بۆ نەخۆشەکانی خۆی دەخولّقێنێت.

مێســـمەر بڕوای وابوو، کە بڕواکەشی هەڵەبوو، لەڕێی ڕەوانەکردنی شلەی مووگناتیسیی تایبەتەوە لە پزیشـــکەوە بۆ نەخۆشەکەی دۆخی نووستن بۆ نەخۆشەکە فەراهەمدەکرێت بەشێوەیەک پێشنیازە چارەســـەرییەکان شیاو دەبێت، کە هەندێجار وەک دۆخێـــک لە چارەســـەرکردنە نەشـــتەرگەرییەکان بەکاردێت. کاری هاوشـــێوەی ئەمەش لە شـــاری نانســـی لە ســـاڵی ١٨٦٤دا لەلایـــەن زانا لیبۆڵت Liebeault-ەوە، هەروەها لەلایەن قوتابخانەی خەواندنی مووگناتیســـی پاریســـەوە کە جارکۆت Charcot ســـاڵی ١٨٧٨ سەرۆکایەتیی دەکرد، هەروەهـــا جانێـــت Janet کـــە هەردووکیـــان کاریگەریی یەک نۆژدارییان بەسەرەوە بوو لە شاری ڤییەننـــا ئەویش فرۆید Freud بوو، کە وازی لە خەواندنی موگناتیسی هێناو بەرە و شێواز و میتۆدی هاوپەیوەندیی ئـــازاد FreeAssociation و لێکدانـــەوەی خەونەکان، کاریکـــرد و توێژینەوە و دەرئەنجامەکانـــی بووە جێگە بایەخی نۆژدارەکانی

دیکـــە. لەوانەش بـــاس لە دووانیـــان دەکەین کە ئەوانیـــش د. ئادلـــەر Dr. Adler و د. یۆنگ Dr. Yung بوون، دواجار لەگەڵیدا ناکۆک بوون و لـــە توێژینەوەدا بەردەوام بـــوون بۆ دۆزینەوەی لێکدانەوەی جیاواز سەبارەت بە پاساوهێنانەوە بۆ نەخۆشییە ئەقڵییەکان.

فرۆید لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر چەپاندنی سێکسی منداڵی کردەوە، ئادلەریش ئەو چەپاندنەی دایـــە پاڵ مـــن Ego یان مەیـــل و ڕەوتی خود ســـەلماندن، لە ساڵی ١٩١٢شـــدا قوتابخانەیەکی ڕکابەری دامەزراند بەنێوی قوتابخانەی سایکۆلۆژیای تاکێتـــی. بـــەلای فرۆیـــدەوە هـــۆکاری بنەڕەتی بـــۆ نەخۆشـــییە نیرۆسســـیەکان Neurosi, disease، واتە نەخۆشـــیی دەمـــاری ئەقڵی، لە خۆشەویســـتیی شکســـتهاتووی نێوان منداڵ و باوانەوە ســـەرچاوەی گرتووە، بەتایبەتی لەنێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا.

لەکاتێکـــدا ئادلەر بڕوای وایـــە کە هۆکاری ئەم حاڵەتانە دەگەڕێتەوە بۆ هەســـتبەکەمیکردن کە لە سەرەتای ژیانی منداڵییەوە دەستپێدەکات و کەڵەکە دەبێت، بەهۆی ئەو هەستکردنەش منداڵ تێدەکۆشێت قەرەبـــووی ئەو دۆخـــە بکاتەوە بە کۆششـــکردن لەپێناوی سەرکەوتن بەسەر ئەوانی دیکەدا.

بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش، ئەو ڕێگەیەی لە منداڵیدا دەیگرێتەبەر نموونەیەکە لەو ڕەفتارەی کە ساڵانی پاشتر دەیگرێتەبەر، بۆ وێنە کەللەڕەقی منداڵ شـــێوازێکە بۆ وەدەســـتهێنانی سەرکەوتن، بەهەمان شـــێوە ئامرازێکـــە بۆ وەدەســـتهێنانی ئامانجەکانی لە ســـەروەختی باڵقبوونـــدا، ئەگەر توانیی لەڕێـــی خۆنەخۆشخســـتنەوە ئامانجەکانی وەدەست بهێنێت، ئەوا هەست بە نەخۆشی دەکات، هەرکاتێک نووشوستی دێنێت لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵوێســـتانەدا کە لـــە قۆناغـــی باڵقبوونیدا دووچاری دەبنەوە.

یۆنگ هەســـتی بەوەکرد کە هەریەک لە فرۆید و ئادلـــەر نەیانتوانـــی لێکدانەوەیەکـــی کامـــڵ و تەواو بۆ نەخۆشـــیی دەماریی ئەقڵی پێشـــکەش بکـــەن، ئەو جەختـــی لەوە کردەوە کـــە هۆکاری ســـەرەکیی ئەم نەخۆشـــییە بریتییە لە نوشوستی وزەی ئەقڵـــی یـــان وزەی ژیـــان (Libido3) -لیبیدۆ- بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵوێستی تایبەت. شـــێوازی چارەســـەری نەخۆشـــیش لەوەدایە کە وزەی پەنگخواردنـــەوەی ناخ فـــڕێ بدرێتە دەرەوە و ئاڕاستەی ئەو هەڵوێســـتانەی پێشوو بکرێنەوە کە لە ناخدا گیریانخواردووە، شـــێواز یان میتۆدی بەکارهێنراوی ئادلەر بریتی بوون لە هاوپەیوەندیی ئازاد و شـــیکاری خەون لەسەر شێوازەکەی فرۆید،

بەڵام بە ئامانجێکی جیاوازەوە.

ئامانجی ئەوەبوو کە هەڵوێستی نەستیی نەخۆش ئاشکرا بکرێت لەو کێشـــە هەنووکەییەی هەیەتی، ئامانجەکـــە بریتیبوو لە لێکۆڵینەوە ســـەبارەت بە ئارەزووی سێکسیی منداڵی کە بەدی نایەن.

ئەو قوتابخانەیـــەی کە یۆنـــگ بەدامەزرێنەی دادەنرێت بە قوتابخانەی دەروونشیکاری دەناسرێت کـــە ناکرێت تێکـــەڵاو بکرێـــت لەگـــەڵ هونەری دەروونشیکاری، کە فرۆید دایهێنا.

دەربارەی ئەو سێ قوتابخانەیەی دەروونشیکاری نەخۆشی تێبینی زۆرم هەیە کە بتوانم بیڵێم، بەڵام کات و شـــوێنەکە بواری ئەو ئاخاوتنە نادات، بەڵام ڕەنگە کاتێک کە خوێنەر لەدوای خوێندنەوەی ئەم بابەتـــە دەبێتەوە لە ناخیدا ئارەزووی ئەوە دەکات کە بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکات، دەشتوانێت لیســـتی کتێبی گونجـــاو لەم بارەیەوە بەئاســـانی بەدەست بهێنێت.

لەو نێوانەشدا ئەو کتێبانەی زانایانی دیکە دەست دەکەوێت کە بەشێوەیەکی ڕەها لایەنگری فرۆید یان ئادلەر یـــان یۆنگ ناکەن، ئـــەوەش ڕاناگەیەنن کە قوتابخانـــەی تایبەت بەوان دابمەزرێت، ئەوان لەنێو شێوازە جیاوازەکاندا هەڵبژاردنیان کردووە، شێوازی چارەســـەری ئەوان پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە زیاتر لە قوتابخانەیەکەوە چنگیان کەوتووە.

پەراوێزەکان:

١- میتـۆد یـان ڕێبـازی پەیوەندیـداری (المذهـب التراابطی) بریتییە لەوەی کە ژیانی ئەقڵـی وەهـا لێکدەداتـەوەو لـە دەرئەنجامی پەیوەندییـەکان کـە لەنێـوان هەسـتەکان و واتاکانیـدا ڕوویـان داوە، کە دەبنە پاشـماوە و ئاسـەوار بـۆ هەسـتەوەرییەکان. (معجـم مصطلحـات علـم النفس/ أسـتاذ منیـر وهیبە الخازن ص٢٤).

٢- سـایکۆلۆژیا بـۆ شـیکردنەوەی نەخۆشـییەکان بریتییە لە لیکۆڵینەوەی هۆکار و ئـەرک و پرۆسـە ئەقڵییـەکان لـە دۆخـی نەخۆشیدا، هەروەها لێکدانەوەی گشت پشێوییە دەروونییەکان، لێکدانەوەیەکی سایکۆلۆژییانە نـۆژداری ئەقڵیش بریتییـە لە جێبەجێ کردنی سـایکۆلۆژی نەخۆشـی لەبواری خۆپاراستن و چارەسـەریدا. (معجم مصطلحات علم النفس ص ١١٩).

٣- فرۆیـد نـاوی لیبیدۆی بەسـەر وزەی زیندووی ئەنگێزەی سێکسی بەخشی، جەختی لەوەش کـردەوە کـە تەنیـا وزەی ئەنگێزەی سێکسی ببەخشێت. بەڵام یۆنگ ئەم زاراوەیەی بەرفراوانتـر کرد بەوەی کە وزەی دەروونغی زینـدووی گشـتیش بگرێتـەوە، وای دەبینـی کـە ڕواڵەتەکانـی چالاکی ئادەمیـزادی زیاتر

بەرفراوانــن و لێکــدراو و تێکەڵترن لەوەی کە هەموویان بدرێنە پاڵ ئەنگێزەی سێکســییەوە، بەڵکــو وزەی ئادەمیزادی هۆکارە سێکســی و ناسێکسییەکانیشــی تیادا تێکەڵ دەبن. (معجم مصطلحات علم النفس).

سەرچاوە:

علم نفسک علم نفس، تألیف: الدكتور و. أی ســارجنت/ ترجمە: باحثە الجومرد/ عدد ٢٦٩-٢٧٠/ ١٩٨٦/ بغداد ل١١-٥٤.

سەرەتاکانی پەروەردەناسی
یان فەلسەفەی پەروەردە (*)

چەمکی فەلسەفە چییە؟

فەلسەفە لە سەرەتاوەو بەر لە هەر شتێک، زاراوەیەکی یۆنانییە، کە لە دوو واژە «لفظ» پێکدێت: فیلا philo کە بەمانای خۆشەویستییە، سوفیا sophy کە دانایی دەگەیەنێ. بەمەش فەلسەفە دەبێتە "خۆشەویستی دانایی".

چەمکی فەلسەفە تووشی دەستکاریی زۆر هاتووە بەشێوەیەک کە بووە بە کارێکی سەخت مرۆڤ بتوانێ پێناسەیەکی گشتگیر دابرێژێ کۆی ئەو پێناسانە بگرێتە خۆی کە فەلسەفەکان پێشکەشیان کردووە. لە ڕاستیدا ئەم دەستکارییانەش گوزارشت لەو گۆڕانە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتوورییانە دەکەن، کە تووشی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان هاتوون (١).

پێناسە بۆ چەمکی فەلسەفە لە مێژووی خۆیدا، ئەرستۆی فەیلەسوفی یۆنانی پێی هەستاوەو بۆ

ئەوە چووە، کە فەلســـەفە "لێکۆڵینەوەیە لەبوون بەوەی کە هەبووە (موجود)ە". ئەم دیاریکردنەی فەلســـەفە دەیکاتە هەوڵێکی عەقڵیانە کە ئامانجی کەشــفکردنی حەقیقەتێکی نوێیە یاخود مەیلێکی عەقڵییە کە هەســـتکردن بە نەزانـــی پاڵنەریەتیو چێژی عەقڵی هاندەریەتی، نە خواســـتی عەمەلیو نە بیروباوەڕی ئایینـــی ڕێنماییکەر نین بۆی، ئەم هەوڵە عەقڵییەش لە کۆندا بە زانست ناوزەدکراوە.

لێرەوەیە کە گوتراوە زانستو فەلسەفە لە یەک ڕیشەوە هاتوون، هاوڕێ بە یەکتری هاتوون هەتا لە سەرەتای سەردەمی نوێدا لە یەکتری جیادەبنەوە. بەڵام چەمکی فەلسەفە (هەموارکردنی) ڕێکسازی "تعدیـــل"ی بەســـەردا دێت لە قۆناغی شکســـتی ژیاری یۆنانیدا لەم قۆناغەدا فیکر بەگشـــتی ڕوو لە پووکانەوە بوو لە ناویشیدا فەلسەفە، بەمەش وازی لـــە بیرکردنەوە لە بوون هێنـــاو کەوتە توێژینەوە لە ڕەفتاری مرۆڤو ڕووی لە بەختەوەریی فەردیو ئارامیی نیگەتیڤانە کرد، ڕەنگە ئەم وەرچەرخانەی چەمکی فەلسەفە لەو پێناسەیەدا تێبینی بکەین کە قوتابخانەی ڕەواقییەکان (stoics) پێشـــنیاری کردبوو، کە پێی وابوو فەلسەفە بریتییە لە "هونەری فەزیلەتو هەوڵی هێنانەدی لە ژیانی عەمەلیدا".

لە پێناســـەی قوتابخانەی ئەبتمۆریشدا دیسان

تێبینـــی دەکەیـــن کـــە فەلســـەفە لای (ئەبیقۆر Epicurus) بریتییـــە لە هەوڵـــدان بۆ ژیانێکی بەختەوەر بـــە بەکارهێنانی عەقـــڵ ..."، بەوەش ئەم پێناسانە فیکریان بە ژیانی کردەییەوە گرێداو واقیعی ئەو ڕۆژگارەش ئەمەی دەویست.

لە کۆتایی ئەم سەردەمە مێژووییەشدا ڕێکسازی "تعدیل"ییـــەک ڕووی دا، کە بـــووە مایەی ئەوەی فەلســـەفە هەموو مانایەکی خۆی لەدەســـت بدات، ئەمـــەش کاتێک ڕووی دا کە گیانی ســـۆفیگەرایی بەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکییانەی فەیلەسوفەکاندا زاڵبوو، فەلسەفە بە گوێرەی گوزارشتی (زیلەر) بوو بە "کۆششێک کە لە هەوڵی کۆکردنەوەو گونجاندنی نێوان لۆژیکی عەقڵی خۆرئاوایی سۆفیزمی ئایینی خۆرهەڵاتیدا بوو". (٢)

لە چاخەکانی ناوەندیشـــدا چەمکی یۆنانیانەی فەلســـەفە هەژموونی پەیدا کردەوە، بە شێوەیەکی تایبەتیش لە دانانیدا بە ئارەزوویەک بۆ خواســـتی حەقیقەت لە پێنـــاوی خودی خۆیدا، لەهەمانکاتدا تێبینیی ئەوەش دەکەین کە تێگەیشتنێکی دیکە بۆ فەلسەفە لەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە، کە هاوڕێکی چەمکە یۆنانییەکە بوو، کە ئەو تێگەیشـــتنە بوو و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە فەلسەفە "هەوڵی گونجانی نێوان وەحیو عەقڵو ئارەزووی گونجاندنی

نێوان دەســـەڵاتی عەقڵی کۆنو دەسەڵاتی ئایینی نوێیە"، چەمکی فەلســـەفە لای قەشە " ئەنسلم" بەمشێوەیەیە.

چەمکی یۆنانییانەی فەلسەفە لای فەیلەسوفانی عـــەرەب دەنگیدایـــەوە، فاراب‌ـــی لـــە کتێبەکەیدا "بەیەکـــەوە کۆکردنـــەوەی ڕای دوو دانیارەکە "، فەلســـەفە بەم گوتەیەی پێناسە دەکات: (زانستە بە هەبووەکان بەو پێیەی کە هەبوون "موجود").

بـــۆ حیکمەتی ئیلاهیو سروشـــتیو لۆژیکیو ماتماتیکیشـــی دابەشـــکردو وای دەبینێت کە هیچ شـــتێک لەنێـــوان هەبووەکانی جیهانـــدا نییە، کە فەلســـەفە دەخالەتی تێدا نەبێو مەبەستێکی تێدا نەبێ.

لە ســـەرەتای سەردەمی نۆیشـــدا نوێکارییەک لـــە چەمکـــی فەلســـەفەدا ڕووی دا، ڕەنگـــە ئەم نوێکارییـــەش بگەڕێتەوە بۆ خەمی فەیلەســـوفانی چاخی نوێ بۆ دامەزراندنی فەلســـەفەیەکی نوێ، ئیدی خاوەنانی ئاراســـتەی عەقڵی لەســـەر عەقڵ بنیادیانناو خاوەنی ئاراســـتە ئەزموونگەرایەکەش "الاتجـــاه التجریبی" لەســـەر تێبینـــیو ئەزموون دایانمەزراند، لە دەرەنجامی ئەم وەرچەرخانەش لە چەمکدا فەلســـەفەی نوێ ڕوویکردە توێژینەوە لە مەعریفەداو گرنگیی بە لێکۆڵینەوەی سروشتەکەی

دا، بەمەبەســتی وەستان لەســەر حەقیقەتی ئەو پەیوەندییەی هێزەکانی ئیدرالو شتە دەرککراوەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە، بەمشێوەیە فەلسەفەی نوێ چەند مەزهەبێکــی دژی یەکتــری بەرهەمهێنا لە نموونەی: میســالییەتو واقیعییەتو "حدسیە"و، "وضعیە"و گومانگەراییو یەقینگەرایی....

هاوچەرخ لە مێژووی فەلســەفە دێت بۆئەوەی هەڵگــری ڕێکســازی "تعدیل"ێکی ڕیشــەیی بێت لە تێگەیشــتنیدا بۆ چەمکی فەلســەفە، ئاشکرایە فەلســەفە هاوچەرخەکان چەمکی فەلسەفەیان لە لێکۆڵینــەوەی بــوونو مەعریفەوە بــۆ توێژینەوە لــە بوونــی مــرۆڤ گواســتویانەتەوە، ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورەبووە لە مێژووەکەیدا. (٣)

بــەم ڕێکســازییەش چەمکی فەلســەفە لای یەکێک لە مەزنترینی فەلســەفە هاوچەرخەکان کە "پۆزەتیڤیزمی لۆژیکگەرا :الوضعیە المنطقیە"یە، بووە بە "کارێکی شــیتاڵگەرانە ڕووتە نەک کەشفکردنی حەقیقەت ئەرکی فەلســەفە لە دیاریکردنی مانای واژە "لفظ"ەکانــدا کورتبووەتــەوە کە دیاریکردنی پێناســەکان هاوکاریمان دەکات". هەروەها بەوەی مەســەلەکانی زانســت بە ڕوونی دیــاری بکاتو پەیوەندییە لۆژیکییەکانی نێوانیان ئاشــکرا بکات لەگەڵ ڕەمــزە بەکارهێنــراوەکان تێیاندا، بەوەش

فەلســـەفە بە ڕای ڕیخنباخ بووە بـــە "ڕوونکردنی مانای واژەکان لە ڕێگەی شیتاڵکاریی لۆژیکییەوە". (٤)

بەرتراند ڕەســـلیش داوای زەرورەتی بەخشین سیماو ڕەنگێگی زانســـتییانەی ڕووت بە فەلسەفە دەکات، ئـــەوەش بەڕای ئەو هـــەق وایە ئەحکامو پێـــوەرە بنەڕەتییەکانـــی خۆی، لە زانســـتەکانی سروشـــتییەوە هەڵبگۆزێـــت، هەروەهـــا پێی وایە پێویستە فەلسەفە تەبەنیی میتۆدێکی شتیاڵکارانە بکات، کە ئامانجی لابردنی تەمومژبێت لە تێڕوانینە فیکرییە ئەبستراکتەکانو ڕوونکردنەوەی مەسەلەو بەڵگە زانســـتییەکان، کە فەلســـەفە ئـــەم ڕێگایە نوێیەی هەڵبـــژارد دەتوانێ چەنـــد دەرەنجامێکی پۆزەتیڤانەی وامان پێشکەش بکات، کە لەسەرووی ئـــەو چارەســـەرە ئەبســـتراکتگەرایانەوە بن کە ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە. (٥)

پراگماتیزمیـــش پـــڕۆژەی نوێکردنـــەوەی بۆ فەلسەفە پێشنیارکردووە "دێوی" بۆ ئەوە دەچێت کە پێویستە فەلســـەفە لە ئایندەدا پەیوەندییەکی پتـــەوی بەوەوە هەبێت، کە ڕوودەدات لە کاروباری مرۆڤایەتی لە قەیرانو حاڵەتی سەختدا.

بانگەشـــە بۆ ئەوە دەکات لە دۆگمایی قســـە دەربچینو "دەخالەتی بە ژیانی واقیعییەوە نەبێت"و

بگۆڕدرێـــت بـــۆ چالاکییـــەک کە لە چارەســـەری کێشـــەکانی ئەم ژیانەداو لە پێکهێنانی زانستێکی مرۆییدا بەشداربێت، کە بشێ ببێتە پێشەکییەک بۆ نوێکردنەوەی حاڵی ژیانی مرۆییو بانگەوازبێت بۆ پابەندبوون بە یاساوە، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشترو بەپتتر بژین. (٦)

لێـــرەدا دەوەســـتینو دەڵێیـــن: ئامانجەکانی فەلســـەفە کامانەن؟ گرنگترینی ئەوەی فەلســـەفە هەوڵی بۆ دەدات دانانی تێگەیشـــتنێکە بۆ هەموو ئەوەی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەزموونی مرۆییەوە، لەم هەوڵەشـــیدا چەند ئامانجێکـــی دیاریکردووە، لەوانەش:

١-هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی شتەکان شـــتێکی زانراوە کە ئـــەم کایەیە لە فەلســـەفەدا بـــە زاراوەی "ئەنتۆلۆژیـــا Antologg" ناوزەد دەکرێت.

٢-هەوڵـــدان بـــۆ لێکۆڵینـــەوەی ڕێبازەکانی بیرکردنـــەوەو ئـــەو ئامرازانـــەی لـــە مەعریفەدا بەکاریان دەهێنێ، فەلسەفە زاراوەی ئەبستمۆلۆژیا Epistemology بۆ ئەم کایەیە داناوە.

٣-هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوەی کێشـــەی ڕەفتاری مرۆییو چارەســـەرکردنی بەهەمان ئەم باســـەش

فەلسەفە بە ئەکسـیۆلۆژیا "Axiologg" ناوی دەبات. (٧)

دەگەڕێینەوەو پرسیار دەکەین: ئەرکی فەلسەفە چییە؟ بریتییە لەم ئەرکانە:

١- ئەرکی ڕۆشنبیرییانەی فەلسەفە:

یەکێک لە گرنگترینی ئەو ئەرکانەی فەلسـەفە پێیان هەڵدەستێت ئەوەیە کە تێڕوانینی (فەلسەفە) دەیخاتـە بەردەسـتی مـرۆڤ کـە هەلومەرجی دیاریکردنی هەڵوێستەکەی لە بەرامبەر ڕۆشنبیرییە باوەکاندا دیـاری دەکات، بەمەش ئەوەیان دیاری دەکات کە ئارەزووی لێیەتیو ئەوەش ڕەفز دەکاتو لای دەبات کە دەیەوێت، بـەڵام ئەم هەڵبژاردن و وەلانانـە لەگەڵ ئەو فەلسـەفەیەدا ڕێگە دەگرێتە بـەر کە تاک یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی کردوویەتی پەیڕەوی دەکات، فەلسـەفە لەسـەر ئـەم بنەمایە دەگۆڕدرێت بـۆ پێوەرێک کە جۆری ئـەو ڕۆشـنبیریو فەرهەنگە دیـاری دەکات، کە هەڵیدەبژێرێتو ڕۆڵو ئەرکەکەشی دیاری دەکات.

٢- ئەرکی کۆمەڵایەتییانەی فەلسەفە:

یەکێک لە ئەرکەکانی تری فەلسەفە ئەوەیە کە هەلی ئینتیما بۆ کۆمەڵ بۆ مرۆڤ دەڕەخسـێنێ.

زانراویشه کۆمەڵ لە چەند هێزێک پێکدێت، کە چەند بەرژەوەنــدیو پەیوەندیگەلێکــی خۆیانیان هەیە، هەر یەکێکیش لەم هێزانە خاوەنی فەلســەفەیەکە هەڵوێستەکانی دیاری دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی کۆمەڵگەدا، لەهەمان کاتیشیدا دیدە مێژووییەکەیو هەڵوێستیشی لە سەردەم دیاری دەکات.

فەلسەفە لێرەدا دەگۆڕدرێتە سەر ئایدیۆلۆژیا، دەبێتە هێزێکی کارا لە کۆمەڵگەدا، بۆ پێشــەوەو بۆ دواوە دەیجوڵێنێ، بەوەش تاک دەکاتە خاوەنی هەڵوێســتێک کە وای لێدەکات "هەســت بە ژیانی خۆیو بوونی بکات، وەک مرۆڤ". (٨)

٣- ئەرکی زانستیاریی فەلسەفە:

لــە گرنگتریــن ئەرکەکانی فەلســەفە دانانی چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ زانستو داڕشتنی تیۆرو گوتەزاکانی مێژووی فەلسەفە، چەند شێوەیەکی لە وەسێتو ئامۆژگاریی فەلســەفە بەسەر گۆڕەپانی زانستدا.

مێژووی زانســت چەند شــایەتییەکی زۆرمان پێشکەش دەکات کە سەلمێنەری پتەویی پەیوەندیی پتەوی نێوان زانستو فەلسەفەن، لەو سۆنگەیەوە کە کۆی ئەو زانایانەی شــۆڕش زانستی گەورەیان بەرپاکردووە فەیلەسوفبوون، ئەرکی فەلسەفەش لە

ئەمڕۆدا بووە بە دارشــتنی چەنــد گریمانەیەک بۆ زانست کە بۆ هەڵبژاردنی چەند ڕێبازێکی نوێ هانی دەدەن بۆ دڵنیابوون لەو گریمانانە، بەم شــێوەیە زانست دەرەنجامە درەوشاوە دەهێنێتە دیو ڕۆڵی فەلسەفە دەبێتــە وێنەکێشانی دیدێکی ئایندەیی بۆ زانست. (٩)

کەســانێکیش هەن بە دیدێکی دیکە بۆ ئەرکی فەلســەفە دەڕوانن، وێنەی ئەو تــەواو دەکات کە فەلســەفە هەڵدەستێت پێی، ئەم تیڕوانینەش ئەم ئەرکانە دیاری دەکات:

١- ئەرکی ڕەخنەگرانەی فەلسەفە:

فەلســەفە بــەکاری ڕەخنەیــی ئــەو چەمکو گریمانەو بەڵگەنەویستانە هەڵدەستێت، کە زانایان بــەکاری دەهێنن لــە هەر کایەیەک لــە کایەکانی مەعریفــەدا، شــتێکی زانراوە کە زانایــان بەر لە دەســتکردن بە کارە زانســتییەکەیان، کۆمەڵێک چەمــکو گریمانەو بەڵگەنەویســت بەکار دەهێنن، بە پشکنینیشــی هەڵناستن، بەڵکو بۆ فەیلەسوفی بەجێدەهێڵــن، لێــرەدا ئەمــەی دواییــان "واتە فەلســەفە "بە پرۆسەی پشــکنینو ڕەخنەی ئەو چەمکو گریمانەو بەڵگەنەویســتانە هەڵدەستێت " کە ئەم تاقیکردنەوەیەی لەسەر وەستاوە، وریاییو ئاگایانیــش ئاراســتەی ئەو لایەنانــە دەکات، کە تێیاندایە لە بەهێزیو لاوازی. (١٠)

٢ – ئەركـــی ڕوونـــكاری– شـــیتاڵكارییانەی فەلسەفە:

فەلســـەفە بۆ شـــیكردنەوەی ئەو پەیوەندییانە تێدەكۆشێت كە لەنێوان زانستە جیاوازەكاندا دێتە ئاراوەو لە پاشانیشـــدا شییان دەكاتەوە، ئاشكرایە كە زانای هەر بوارێک لە بوارەكانی زانســـت گرنگی پێدانەكەی ئاراستەی مەیدانی پسپۆڕییەكەی خۆی دەكات، بەبـــێ ئاوڕدانەوە بۆ ئـــەو پەیوەندییانەی پسپۆڕێتییەكەی بە مەیدانەكانی ترەوە گرێ دەدات، ڕەنگـــە ئەمەش بۆ زۆری لقی مەعریفە مرۆییەكانو ئالۆزییان بگەڕێتەوە، لێرەدا ئەم ئەركە بۆ فەیلەسوف بەجێ دەهێڵرێ بۆ ئەوەی پێی هەڵبسێت، بەوەش فەیلەسوف بۆ شیكردنەوەی پەیوەندییەكان نێوان لقـــە جیاوازەكانی پســـپۆڕێتی تێدەكۆشـــێتو لە پاشاندا بە ڕوونكردنەوەی پەیوەندییان بە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە هەڵدەستێت.

٣- ئەركی ڕامانكارانەی فەلسەفە

"ڕامان" ئەركێكی تەواوكەری ئەوئەركانەیە كە فەلسەفە پێیان هەڵدەستێت، ئەم ڕامانەش فەلسەفە بە ئەزموونـــی مرۆڤایەتیەوە گرێدەداتو دەیگۆڕێتە ســـەرهێزێک كە چالاكی لە ئەزموونی مرۆڤایەتیدا دەخاتە گەڕ، بەشـــێوەیەک كـــە ئەزموونێک دێنە

ئاراوه، كـــه بۆ نموونەی بـــاڵا بەرزدەبێتەوە، ئەم نموونانەش بە ڕۆڵی خۆیان لە نوێوە بەشـــداری لە بنیادنانەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتی دەکەن.

بەمجـــۆرە ڕامـــان دەچێتـــە نـــاو ئەزموونـــی مرۆڤایەتییەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە دانانی بینایەکی نوێ بۆی، ئینجا هەوڵی هێنانەدی دەداتو بەوەش ڕۆڵێکـــی گەورە دەبینێت لـــە پێکهێنانی ئەزموون لە نوێوو لە باشترین شێوەدا بۆی. (١١)

جۆرەکانی فەلسەفە کامانەن؟ مێژووی فەلسەفە بە چەند جۆرێکی زۆر ئاشـــنا بـــووە، هاتنە ئارای ئەم جۆرانەش یان پشـــت بەو بابەتە دەبەســـتن، کە فەلسەفە لێی دەکۆڵێتەوە یاخود بەو میتۆدەی بەکاری دەهێنێت، یان لەسەر ئەو پلەو جۆرێتییەی یەقیـــن کە فەلســـەفە مەبەســـتییەتی پێی بگات، ئێمە لێرەدا چەند جۆرێک لەوانە باســـدەکەین، کە دەســـەڵاتی خۆیانیان بەســـەر مێژووی فەلسەفەدا سەپاندووەو، بریتین لە:

١- فەلســـەفەی میســـالی "ئایدیالیـــزم Idealisim"، "لالانـــد" لـــە فەرهەنگـــە فەلسەفییەکەیدا "ئایدیالیزم" بەوە پێناسە دەکات "ئەو ئاراستە فەلسەفییەیە کە هەموو بوون بۆ فیکر دەگێڕێتەوە"و باوەڕی وایە کە شـــتە واقیعییەکان جگە لە ئایدیاکانمان شتێکی تر نین.

هیـــچ حەقیقەتێکیش لە جیهانـــدا نییە خودی بیرکردنەوەمان نەبێتو بوونی شـــتەکان پشت بە دەرککردنـــی خود دەبەســـتنو هیـــچ حەقیقەتێک نییە لەودیوی خودەوەو هەڵوێســـتی میسالییانەی فەلسەفە لەم دوو مەسەلەیەدا کورت دەکرێنەوە:

یەکەم:

سەربەخۆیی سروشتو پشتبەستنی بەخۆی هیچ نییە وەهم نەبێت، سروشت لە ڕەوتی خۆیدا پشت بە شـــتێکی دیکەی غەیری خۆی دەبەستێ. عەقڵ یاخود گیانی فەردی یان هەمەکی "کلی"ی ئیلاهی ئەو شتەیە کە سروشت پشتی پێ دەبەستێ.(١٢)

دووەم:

فەلســـەفەی ڕیالیزم "الواقعیە" Realism، فەلسەفەی واقیعی ددان بە بوونێکی سەربەخۆ بە سروشتو دنیای شـــتەکاندا دەنێت، لە کاریگەری خودو ئاراســـتە شەخســـییەکانی کەم دەکاتەوە، لە بڕیاردان بەسەر شـــتەکاندا نکوڵی لە خودیش دەکات لەو بانگەشەیەیدا، کە گوایە بوونی شتەکان خەڵق دەکات دانیشـــی بە توانـــای (خود)دا ناوە لەسەر ناسینی شتەکان.

ئەم دیدە واقعیە فەلســـەفییە بە دابەشکردنی

بەرپرسیارێتی هەڵدەستێت، بەرپرسیارێتیی زانینی جیهان لەلایەن مرۆڤەوە ڕۆڵی بە خودو کارابییەکەی بەخشـــیوە، ڕۆڵێکـــی دیکـــەش بـــە سروشـــتو ئاکتیڤبوونـــی لە ڕێگەی ئـــەم کارابیە دووفاقەوە: ئـــەو کارابیە لەخـــودەوە هاتووەو ئەوەشـــیان کە لە سرووشـــتەوە هاتووە، زانینی مرۆڤ دەربارەی جیهان بەم دووانە بەیەکەوە تەواو دەبێت.(١٣)

سێیەم:

فەلســـەفەی سروشـــتی "ناچراڵیـــزم Naturalism " فەلســـەفەی سروشـــتی بڕوای وایـــە کە جیهـــان پێویســـتی بە هۆکارێـــک نییە لەسەرووی سرووشتەوە بێت، یاخود بە تەدبیرێکە نەریتی باوەی تێپەڕاندبێ "خارق للعادە".

ئەو بـــڕوای بەوەیـــە جیهان بەهـــۆی خۆیەوە وەســـتاوە، هەر بۆخۆشـــی بەڵگەیە لەسەر بوونی خـــۆیو بۆ خـــۆی دەبـــات بەڕێوە، جیهـــان هیچ ئامانجێکی نییـــە بیەوێ پێی بگات، ژیانی مرۆییو فیزیکـــیو ڕەوشـــتیو گیانـــی هیچ نیـــن جگە لە ڕووداوگەلێکی سروشـــتی، بەها ئەخلاقییەکانیش دەکرێ بەهۆکاری سروشـــتی پاســـاو بدرێن، بەبێ پێویســـتبوون بە پەنابردنە بـــەر هێزێکی بالاتر لە سرووشـــتو بەبێ چاوەڕوانکردنی پاداشت یاخود

قەدەری ئەودیو نەریتی بـــاوەوە "خارقە العادە"، ئامانجی کردارە ڕەوشتییەکانیش ئەوەیە کە مرۆڤ بە گوێرەی سروشت بژیو ئارەزووەکانی سەرکوت نـــەکاتو بۆ سروشـــت بگەڕێتـــەوەو مەدەنییەتی دەستکرد وازلێبهێنێ، کە لە شوێنەوارەکانی عەقڵدا خۆی دەنوێنێ لە زانستو هونەرو فەلسەفە. (١٤)

چوارەم:

فەلســـەفەی عەقڵگەرایـــی "ڕاشـــناڵیزم Rationalism"، فەلسەفەی عەقڵگەرایی بڕوای وایە عەقڵ تاکە ســـەرچاوەیە بۆ هەموو جۆرەکانی زانینـــی ڕاســـتەقینە، ئەم زانینەش بـــە زەرورەتو هەموانـــدن "التعمیـــم" جیا دەکرێتەوە. پێویســـتە لـــەو ڕووەوە کـــە ڕاســـتگۆیە، ڕاستگۆییەکەشـــی پێویستییەکی عەقڵی دەیکاتە پێویست، لەبەرئەوە بەردەوام هەر ڕاســـتگۆیە، مەبەستیش لە هەمواندن "التعمیم" ئەوەیە کە حوکمی ڕاستگۆیانە لە هەموو کاتو شوێنێکدا ڕاستگۆیانە دەبێت، چاوگی ئەوەش سروشتی عەقڵە.

عەقڵگەراکان لەســـەر ئەوەش هـــاوڕان کە عەقڵ هێزێکی خۆڕسکە لە خەڵکێدا بەگشتی. بڕواشیان وایە کە دروستێتیی بەڵگاندنەکان "الاستدلالات" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەر یاساکانی عەقڵ بەندە، مرۆڤ

له دەرەوە زانستێکی یەقینیانە وەرناگرێت، ئەزموونو تاقیکردنـــەوەش دەستەوەســـانە لەوەی زانســـتی دڵنیاگەرانە "یەقینیانە" بە مرۆڤ ببەخشێ. (١٥)

پێنجەم:

فەلسەفەی ئەزموونگەرایی "الفلسفە التجریبیە" Empirism، ئەزموونگەرایـــی بڕوابـــوون بـــە ئایدیا خۆڕســـکە بۆ ماوەکانو پرنســـیپە عەقڵییە بەڵگەنەویســـتەکان رەفـــزدەکات، ئەو پرنســـیپە ڕەوشـــتییە ســـەرەتاییانەش ڕەفـــز دەکات کـــە لەواقیعـــەوە نەهاتـــوونو مەعریفـــە بـــە هەمـــوو شـــێوەکانییەوە بۆ ئەزموون دەگێڕێتەوە، تێبینی دەکرێ کە هەندێک لە ئەزموونگەراکان زێدەڕۆییان کردووە لە مەیلە ئەزموونگەراییەکەیانداو نکوڵییان لـــە بووونـــی عەقڵێک کـــردووە کـــە بیربکاتەوەو زیاد رۆیشـــتوون لە دانانی هەســـتی پەتی "الحس الخالـــص"دا بەســـەرچاوە بۆ مەعریفـــە، بۆ ئەوە ڕۆیشتوون عەقڵ وەک لاپەڕەیەکی سپی دێتەبوون، کە خاڵییە لە هەموو نەخشێک یاخود شوێنەوارێک کـــە کەوتبێتە پێش ئەزمـــوونو تاقیکردنەوە، ئەو ئەزموونە شـــوێنەوارەکانی لەســـەر ئەم لاپەڕەیە بەجـــێ دەهێڵێ، هەروەهـــا وای دەبینن کە بڕیارە عەقڵییـــەکان لە هەموو شـــێوەکانیاندا بە گوێرەی کاتو شوێن گۆڕانیان بەسەردا دێت. (١٦)

شەشەم:

فەلسەفەی ماددەگەرایی "ماتریالیزم Mateialism"، ماددەگەرایی بڕوای وایە جەوهەری جیهان ماددەیە، ماددەش بەهێزو جۆراوجۆرێتیو جووڵەو ژیانو بیرکردنەوە جیادەکرێتەوە، عەقڵیش شێوەیەکی لە شێوەکانی گەشەکردنی ماددە، ماددەگەرایی بڕوا بە بوونی شتێک ناکات ناوی گیان یاخود عەقڵ بێت دابڕاو لە ماددە، با ژیانیشی بکرێت بەبەردا، هەروەها پێی وایە دیاردە ویژدانییەکان هیچ نین جگە لە چەند ئەرکێکی ئەندامەکانی مرۆڤ، بۆ نموونە بیرکردنەوە ئەرکی مێشکەو چێژکردن ئەرکی زمانەو...تاد.

ماددەگەرایی نکوڵی لە بوونی خوداش دەکاتو باوەڕی وایە تەنها بیرۆکەیەکە لە عەقڵی خەڵکیدا. (١٧)

حەوتەم:

فەلسەفەی گیانگەرا ڕۆحگەرایی "الفلسفە الروحیە Spiritualism"، فەلسەفەی گیانگەرا بڕوای بە بوونی گیان یاخود عەقڵ هەیە یاخود بەوەی هاوشێوەی گیان یان عەقڵە بەتەنها. باوەڕیشی وایە کە سروشتی ئەو شتانەی لەودیوی هەستپێکراوەکانەوە ئامادەن گیانییە لە بنەڕەتدا،

ددان بـــه بوونی پەیوەنـــدی لەنێوانـــی دەروونو جەستەدا، بیرکردنەوەو مێشکدا دەنێت، بەڵام ئەم پەیوەندییە وەک پەیوەندییەکی هۆگەرایانە "علیە: سببیە" دەخاتە لاوە.

ئەو پێی وانییە نە جەســـتە هۆکاری دەروونو نـــە بیرکردنەوەش بەرهـــەم "معلول"ی مێشـــک بێت وەک هۆکارێک لەو ســـونگەیەوە کە مێشـــک ماددەیەو ماددەش نە بیردەکاتەوەو نە هەستیشی هەیە "گیان" یاخود "عەقڵ" لای ئەو ســـەرچاوەی دیاردە ماددیو جەســـتەییەکانە، ئێمە ناتوانین بە هەستەکان درک بە شتەکان بکەین، بەڵکو تەنها بە بیرکردنەوەی پەتی دەیانناسینو بەرهەمی ئەوەش هەمووی ئەوەیە کە سروشت گیانییە.(١٨)

پەیوەنـــدی چییـــە لـــە نێـــوان فەلســـەفەو پەروەردەدا؟ یان بە گوزارشـــتێکی دیکە: کامەیە شـــوێنەواری ئاڵوگۆڕی نێوانیان؟ یەکەمین کار کە ئاماژەی بۆ دەکەین ئەوەیە کە فەلسەفەو پەروەردە دوو ڕووی جودای یەک شتن، یەکەمیان فەلسەفەیە لە کاروبارەکانی ژیاندا.

پەســـەندکردنی پێناســـەی پـــەروەردە بەوەی "فەلسەفەیەکی عەمەلییەو لە هەموو دۆخێکدا".

هانمان دەدا بۆ تەسلیمبوونێکی بێگومانانە بەوەی فەلســـەفەو پـــەروەردە دوو ڕووی دراوێکن، ڕەنگە

دیاریکردنی ئامانجی پەروەردە ئەم بەیەکداچوونەی نێوان فەلسەفەو پەروەردەمان بۆ کەشف بکات. "ئامانجی پەروەردە بە شێوەیەکی توند بە ئامانجی ژیانەوە گرێدراوە. فەلسەفەش ئەوە بڕیار دەدات کە بە ئامانجی ژیان دەیبینین، پەروەردەش پێشنیاری وەسیلەکانی هێنانەدیی ئەم ئامانجە دەکات".

جەخت لەسەر ئەو ڕایەش دەکاتەوە کە پێی وایە پەروەردە" لایەنە دینامیکییەکەی فەلسەفەیە، وەسیلەی کردەییانەی هێنانەدیی نموونە باڵاکانە: فەلسەفە لایەنە تیۆرییەکەو پەروەردە لایەنە پراکتیکییەکەی هەمان شتە".

ئەمە هەمووی دەمانخاتە سەر ئەوەی بڵێین پەروەردە نمایشکەری "کارێکی ڕێکخراوە کە ئامانجی گواستنەوەی مەعریفەو گەشەدان بە تواناکانو ڕاهێنانو چاککردنی ئەداکردنی مرۆییە لە کۆی کایەکاندا، لە ڕێگەی ژیانی مرۆڤەوە بە گشتی".

فەلسەفەش ئەو تۆرانە دادەڕێژێ کە پەروەردە پراکتیزەکردنیان دەهێنێتە دی". (١٩)

لێرەدا دەوەستینو پرسیار دەکەین: کامەیە شتی هاوبەش لەنێوان پەروەردەو فەلسەفەدا؟ پەروەردەو فەلسەفە لە بابەتەکەدا هاوبەشن، بابەتی پەروەردە مرۆڤە، مرۆڤیش تەوەرەی بنەڕەتیی بابەتەکانی فەلسەفەیە.

کامانـــەن ئـــەو هۆکارانەی هـــەر یەکێک لەم دووانە دەیگرنەبەر؟ لە ڕاستیدا وەسیلەی پەروەردە عەمەلی زانســـتیی پراکتیکییە، بەڵام وەســـیلەی فەلسەفە فیکری ڕامانکارانەیە.

ئەم ڕاســـتییە دەمانخاتە ســـەر ئەوەی بڵێین بابەتی فەلســـەفە گەورەترە لە بابەتی پەروەردە، بەڵام "هۆکارو ئامرازەکان"ی پەروەردە زۆرترن لە هی فەلســـەفە. بەمەش تێبینیی ئەوە دەکەین کە ئـــەم دووانە لە پەیوەندیی کارێکـــی بەردەوامدان، چونکە فەلســـەفە پێویســـتی بـــە پەروەردەیە بۆ جەختکردنە ســـەر ڕۆڵەکەی وەک وەسیلەیەک، کە بەرجەســـتەکردن هەڵبستێت لە شـــێوەی کارێکی پەروەردەییدا، پەروەردەش لە کاری خۆیدا ناتوانێ ڕێ بـــکات بەبـــێ ئامانجگەلێکی دیاریکـــراو، ئەم ئامانجانەش لە واقیعدا داڕشتنیان بە گوێرەی چەند بنەمایەکی فەلســـەفی بەئاکام دەگات، کە پاڵ بە ئاراستەیەکی ڕوونو دیاریکراوەوە دەدات.(٢٠)

ئەوەی لاپەڕەکان مێژوو بپشـــکنێت ئەوە بەدی دەکات کە پەیوەندیی نێوان فەلســـەفەو پەروەردە زۆر کۆنە، لەهەمان کاتیشـــدا تێبینیی ئەوە دەکات کە ئەو شوێنەوارەی لەسەر یەکتری بەجێی دەهێڵن دەگەڕێتەوە بۆ ســـەرەتا مێژووییەکان، شێوەکانی پەیوەندیـــی نێوانیـــان لـــە کاری فەیلەســـوفانی

نموونەی: سۆفستاییەکانو ســـوکراتو ئەفلاتونو ئەرستۆو ئیبن سیناو جۆن دێویدا دەرکەوتووە.

سۆفیستەکان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا فەلسەفەو پەروەردەیان بەیەکەوە گرێدا، ئاشـــکرایە لای ئەو کەســـەی کە لە مێژووی فەلســـەفە بەئاگایە، کە فەلسەفەکەیان وەک گوزارشتێکی بەهێز لە مەیلی تاکگەرایـــی هاتە ئاراوە، دەرەنجامی ئەم مەیلە کە گرنگیی وەرگرتن لە خۆڕسکی بۆماوەیی لە پێشتر دادەنێ، بەدواشـــیدا جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی فەزیلـــەت وەرگیراوە، مەعریفـــەش هەر وەرگیراوە ســـەرچاوەی ئەمانـــەش هەمووی بـــۆ توانای تاک لەسەر فێربوون دەگەڕێتەوە.(٢١)

ســـوقرات فەیلەســـوف هـــاتو وەرچەرخانێکی لە ئەرکی فەلســـەفەدا دروســـتکرد، لەدوای ئەوەی فەلسەفە ڕووی لە کێشەکانی سروشت بوو، سوقرات لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە فەلســـەفییەکەیەوە «بۆ خۆت خۆت بناسە» داوای کرد فەلسەفە لێکۆڵینەوەکەی خۆی ئاراستەی ئینسان بکات.(٢٢)

ئەم وەرچەرخانە لە ئاراستەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا بە نوێکردنەوەیەک لە چەمکی فەلسەفەدا دادەنرێت، دەرەنجامەکەشـــی لەیەکترنزیکردنەوەی نێوان فەلســـەفەو پەروەردە بوو، بەڵکو دەتوانین بڵێیـــن ئەم نوێکردنەوەیە لە چەمکی فەلســـەفەدا

ســـوقراتی هاندا بۆ ئەوەی ڕاشـــكاوانە بڵێت ئەم دووانە «فەلسەفەو پەروەردە» بە تەواوی بەیەكەوە پەیوەستن، ئەگەر هەر یەک شتیش نەبن..

ڕەنگە مایەی ســـودمەندی بێـــت ئاماژە بەوە بكەین، كە ئامانجی فەلســـەفە لە دیدی سوكراتدا داڕشتنی نەفسی مرۆییەو ڕاهێنانیەتی لەسەر هەقو خێرو جوانـــیو هێنانەدی كۆمەڵگەیەكی باش، ئەو وەسیلەیەی فەلسەفەی سوكرات لە هێنانەدیی ئەم ئامانجەدا پشتی پێ بەستووە بریتییە لە پەروەردە. (٢٣)

ئـــەوەی ســـەیری كۆمارەكـــەی ئەفلاتـــون بـــكات تێبینیـــی بوونـــی پەیوەندییەكـــی پتەو و پێكەوەگرێدانێكی بەهێز دەكات لە نێوان فەلسەفەو پەروەردەدا. لێرەدا مایەی سوودمەندییە باس لەوە بكەین كە ڕۆســـۆی پەروەرشیاری ناودار دەربارەی كتێبی كۆمـــار وتوویەتی، ســـەبارەت بەوەی ئەم كتێبـــە بە گوێرەی خەملاندنی ئەو جوانترین كتێبە لە پەروەردەدا نووسرابێت. (٢٤)

ئەوەی لەم كتێبە وردبێتەوە (كتێبی سەرچاوە/ وەرگێڕ) پەیوەندییەكـــی زۆر جوان بەدی دەكات، كە ئەفلاتون لە نێوان پەروەردەو فەلســـەفەدا پێی هەستاوە، یەكەمین مەسەلەش كە لێرەدا ئاشكرای دەكەین ئەوەیە، داڕشـــتنی ئەفلاتون بۆ پێناسەی

پـــەروەردە ڕادەیەکـــی زۆر کاریگەرە بـــەو دەیدە فەلسەفییەی کە دەڵێت بەهرەی عەقڵیی منداڵ لە قۆناغی منداڵیدا کاری خۆی ناکات، بەڵکو کارەکەی لە قۆناغی هەرزەکاریدا دەســـت پێدەکات، کەواتە پێناســـەیەکی لەسەر بناغەی ئەم دیدە فەلسەفییە دامەزرانـــد، کە جۆرێکە لە «ئەو ڕاهێنانەی تەواو گونجاوە لەگەڵ ژیانی عەقڵداریدا، کاتێک کە دەست بە دەرکەوتن دەکات». (٢٥)

بـــەم شـــێوەیە ئامانجەکانـــی پـــەروەردە لە فەلســـەفەکەییەوە خوازراونو دەکرێ ئەوەش بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

١-فەلسەفە لای ئەفلاتون ئامانجی جەختکردنە لەسەر یەکێتیی دەوڵەت، ئەم ئامانجە فەلسەفییەش لە پەروەردەدا ڕەنگیداوەتەوە، لەبەرئەوە ئامانجی یەکەمی گەشـــەدان بەگیانـــی کۆمەڵ بووە، یاخود هەســـتکردنی ژیانی بـــە کۆمەڵ، ئەمـــەش لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەت لە دیدی ئەفلاتوندا لەسەرووی تاکەوەیە. (٢٦)

لەبەرئەوە داوای زەروورەتی ئەوەی کردووە کە هەمـــوو هاووڵاتییەک خۆی تەرخـــان بکاتو خۆی ڕاهێنێت بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت.

٢-فەلســـەفەی ئەفلاتـــون گرنگی بە فەزیلەت «چاکە» دەدات، شوێنەوارەکانی ئەم گرنگیپێدانەش

له پەروەردەدا دەردەکەوێت، تێبینیی ئەوەمان کرد کە لــە ئامانجەکانی روەردە لەلای گەشــەپێدانی هاوولاتیبوونی دروستە لە تاکەکاندا، ئەمەش ئەوە لە پەروەردە دەخوازێ کە هەڵگری بەرپرسیارێتیی چاندنــی ســیفەتەکانی میانــڕەویو جوامێــریو لێهاتوویــی ســەربازی بێت لە لاوانــدا، پەروەردە لەهەمــان کاتیشــدا داواکردنــی مەعریفەی وردی تایبەت بە سروشتی فەرمانڕەواییو سروشتی هەقی ڕەهــای لاوان، بەم ڕێگایەش پــەروەردە دەتوانێ هاوولاتیی باش ئامادەبکات. (٢٧)

٣-فەلسەفەی ئەفلاتون ئامانجی بەرزکردنەوەی پێگەی عەقڵە بەســەر مەســەلە هەســتییەکاندا «الحســیە»و بەرزکردنەوەی دەروونیش بەســەر جەستەدا، ئەوەش لە پەروەردەدا ڕەنگیداوەتەوە، لــەو ڕووەوە کە ئامانجی پەروەردە خســتنەگەڕی بەهــرەی عەقڵە لە ژیانــی منداڵدا، ئەمەش مانای پتەوکردنی بڕیاری عەقڵە لە ژیانی گەشــەکردووی منداڵدا. (٢٨)

«ئەرســتۆ»ش لە کتێبەکەیدا «سیاســەت» پەیوەندییــە پتەوەکــەی نێــوان فەلســەفەو پــەروەردەی ڕوونکردووەتــەوە، کتێبەکە لە بەندو فەســڵە پەروەردەییەکانیــدا پراکتیکــی دیــدە فەلســەفییەکەیەتی، ئەرستۆ لە نووســینەکانیدا

دەردەکـــەوێ لەژێر کاریگەریی ئەفلاتوندایە، ڕەنگە ئەوەش لـــەوەدا خۆی دەربخات کـــە هەردووکیان وەک ئەرکێک لـــە ئەرکەکانی دەوڵەت بۆ پەروەردە دەڕوانن، لەبەر ئـــەوە دەبینین هەردووکیان تووڕەن لە ئاست نەبوونی سیستمێکی پەروەردەیی گشتیی یەکگرتوو لە ئەسینادا، داوای ئەنجامدانی شۆڕشێکی گشـــتگیریان لـــە ڕێبازەکانی پـــەروەردەی نەوەی ئایندەی ئەسینییەکاندا کردووە. (٢٩)

ئەرســـتۆ وەک لقێک لە سیاسەت بۆ پەروەردە دەڕوانێو بۆ سیاسەتیش وەک هونەری ئاراستەکردنی کۆمەڵگە دەڕوانی، بەشێوەیەک کە مەزنترین خێر بۆ مرۆڤایەتی بەرهەم بهێنێ، تێبینی کراوەکە ئەرستۆ فەلسەفە دابەشـــدەکات بۆ (فەلســـەفەی تیۆریو فەلســـەفەی پراکتیکـــی (عەمەلی) سیاســـەتیش کایەیەکـــە لـــە کایەکانی فەلســـەفەی پراکتیکی و کردەکی). (٣٠) ئەرســـتۆ تێبینیی ئـــەوەی کردووە کە سەرکەوتنی سیاســـەتمەداران لە هەوڵەکانیاندا لەسەر بوونی ئەو ماددە چاکە وەستاوە کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، واتە بوونی گەلێکی چاک، بەمەش کار یەکەمی سیاســـەتمەدار بووە بـــە ئامادەکردنی هاووڵاتییان، ئەرکی پـــەروەردەش پێگەیاندنی ئەم جۆرە کۆمەڵەیە لە هاووڵاتییان. (٣١)

پەروەردە بە تیۆرە فەلســـەفییەکانی ئەرســـتۆ

کاریگەر بووە، بـــە ســـوودمەندی دەزانین لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەم شوێنەوارانە بکەین:

١-دیدی فەلســـەفیی ئەرستۆ دەربارەی مرۆڤ شـــوێنەواری لە پـــەروەردەدا بەجێهێشـــتووە، بۆ ئەوە ڕۆیشـــتووە کە مرۆڤ لە دەروونو جەســـتە پێکهاتـــووە، دەروونیش لە ســـێ هێـــز پێکدێت: ڕووەکیو ئاژەڵیو عاقڵمەند، مرۆڤیش بە عەقڵ لە ئاژەڵ جیادەبێتەوە.(٣٢)

ئەم ئیمتیازەی ئەرســـتۆ بە مرۆڤی بەخشـــیوە هانی داوە بۆ جەختکردنە ســـەر گەشەی فەزیڵەتە عەقڵییەکان، ئـــەوەش بەو پێیەی چەند بەهایەکی باڵای ڕەفتاری مرۆیین.

لێرەوەیـــە گرنگیـــدان بـــە لایەنـــی عەقڵی لە پەروەردەدا لەبەر ئەوەی لایەنی گرنگی کەســـێتیی مرۆڤە.

٢-ئەرســـتۆ بڕوای بە پرنســـیپێکی فەلسەفی هەیە، کـــە پێی وایـــە بیرکردنەوە پرۆســـەیەکی چالاکانەیەو لە بن نایەت، لوتکەی ژیانی عەقڵییەو بە ســـەربەخۆیی لە جەســـتە کاری خۆی دەکات، ئەم تێڕوانینـــە یاریدەی نەمرکردنـــی ئەو بیرۆکە فەلســـەفییەی کرد، کە قسە لە دوالیزمی سروشتی مرۆیـــی دەکات، واتە ئـــەوەی کە مرۆڤ لە عەقڵو جەســـتە پێکهاتووە، ئەم تێڕوانینە لە پەروەردەدا

ڕەنگیداوەتەوە، کە وای لێکردووە بەلای گرنگیدان بە لایەنی عەقڵییە پەتییەکاندا بچێت.

٣-فەلسەفەی ئەرستۆ ئامانجی گرنگیدان بە فەزیڵەتو چاکە مرۆییە جیاوازەکانە، فەلسەفەکەی فەزیڵەی بە شێوەیەک دابەشکردووە، کە هاوبەرامبەری هێزەکانی دەروونی مرۆییەو ئەم دابەشکارییە لە پەروەردەدە ڕەنگیداوەتەوەو لەبەر ئەوە دەبینین ئەرستۆ بڕوای وایە کە دەروون و ڕەوانیی ڕووەکییانە هیچ فەزیڵەتێکی لێوە سەرچاوە ناگرێتو لە بەرامبەر ژیانی منداڵیدایە.

لێرەوە درک بە هۆکاری بیروباوەڕی ئەرستۆ دەکەین سەبارەت بەوەی پەروەردە لە ڕێگەی پێکهێنانی نەریتە چالاکەکانەوە دەبێ پێش پەروەردەی عەقڵ بکەوێ، لەبەرئەوەی ئەو پەروەردەیە کە لەگەڵ منداڵاندا گونجاوە، لە ڕێگەی نەریتەکانەوە بەها باڵاکانی ژیان لە عەقڵی ئەو منداڵانەدا لە سەرەتاکانی منداڵییانەوە نەخش دەبێت. (٣٣)

سەبارەت بە دەروونی ئاژەڵییانەش یەکێکی دیکەیە لەو نەفسانەی فەزیڵەی لێوە بەرهەم نایەت مەگەر لەژێر سەرپەرشتیو ڕابەرایەتیی ئەو هێزە قسەکەرو فەزیڵەتانەوە بەڕێوە بچێت کە لێوەی دەردەچیو بریتین لە جوامێریو فریاکەوتنو

فەزیڵەتـــە عەقڵییەکان لە هێزە قســـەکەرەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

ئـــەم دیـــدە فەلســـەفییە کاریگەریی لەســـەر پەروەردە هەبووە، بەوەش بووە بە پەروەردەیەک کە عەقڵی مرۆڤی کردووە بە ئامانجو مەبەســـتو گەشە بـــە فەزیڵەتە عەقڵییەکانـــی دەداتو ئەم جۆرەش لەپەروەردە لای ئەرستۆ فەیلەسوفەکان دەگرێتەوە. (٣٤)

مێژووی فەلسەفە شایەتییەکی دیکەمان پێشکەش دەکات، کە پەردە لەسەر پتەویی پەیوەندیی نێوان فەلســـەفەو پەروەردە هەڵدەداتەوە، ئەم گەواهی و شایەتییە مێژووی فەلسەفەی عەرەبی دەیخاتەڕوو، خاوەنی شـــایەتییەکەش ئیبن سینای فەیلەسوفە، ئیبن ســـینا لە هەمان کاتدا فەیلەسوفێکو پیاوێکی پسپۆڕیشـــە لـــە فێرکردنـــدا، ماوەیەک مەشـــقی وانەوتنەوەی کردووە، کە بە کورت دانانرێ. (٣٥)

لە کتێبەکەیدا «القانون/ یاسا» چەند بەشێکی تایبەتکردووە بۆ چارەسەری پەروەردەی منداڵانو پەروەردەی فەیلەســـوفیش، کتێبێکی تایبەتیشی دەربارەی پـــەروەردە داناوە، کە ناونیشـــانەکەی «نامەیـــەک دەربـــارەی سیاســـەت»ەو تێیدا لە بابەتگەلێکـــی پەروەردەیـــی زۆری کۆڵیووەتەوە. (٣٦)

پێویســـته ئاماژه بەوە بکەین کە ئیبن ســـینا نامیلکەیەکیشـــی هەیـــە بەنـــاوی «دەربـــارەی بەشـــەکانی زانســـتە عەقڵییـــەکان» کـــە نامەی پێنجەمـــە لـــە «نۆ نامـــە دەربـــارەی حیکمەتو سروشـــتزانی» (٣٧)و فەلســـەفەی تێیدا دابەش دەکات بۆ تیۆریو پراکتیکی و ئامانجی فەلسەفەی تیۆری دیاریدەکات، بەوەی «تەواوکردنی نەفســـە کە فێرببێ واتە دەستخســـتنی بیروباوەڕی یەقینی بەحاڵـــی هەبـــووەکان «الموجـــودات» ئامانجی فەلســـەفەی عەمەلیش «زانینی ڕاوبۆچوونێکە لە عەمەلدایە».

فەلســـەفەی تیۆریش بۆ ســـێ زانست دابەش دەکات، کـــە بریتین لە «زانســـتی سروشـــتی کە نزمترین زانســـتەو زانســـتی ماتماتیک کە زانستی نێوەندەو زانستی ئیلاهی کە زانستی باڵایە».

فەلســـەفەی پراکتیکیـــش «کردەیی» دابەش دەکات بۆ:

١-زانستی ئەخلاق: لە تەدبیری کارەکانی تاک، یاخود لە مامەڵەو گۆڕانی خودی خۆی دەڕوانێ.

٢-ڕاگرتنی ماڵ: لـــە پەیوەندیی نێوان پیاو و ژنەکەیو منداڵـــەکانو خزمەتکارەکانی دەڕوانێت، بەدواشـــیدا لە مەســـەلەی ڕاگرتنـــی ڕزقو ڕۆزیو بژێوی.

٣ -زانســـتی سیاســـی: لـــه پەیوەندییەکانی نێـــوان خەڵکی له شـــارێکی دیاریکـــراودا لەگەڵ یەکتـــری دەڕوانـــێ، لەگەڵ پەیوەندیی شـــارەکان لەگـــەڵ یەکترداو لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەشـــدا. لـــه جۆرەکانی سیاســـەتمەداریو ســـەرۆکایەتیو کۆبوونەوە مەدەنییە خاوەن فەزیلەکانو خراپەکان دەڕوانێ. (٣٨)

بەمـــەش دەتوانیـــن بڵێین نێوان فەلســـەفەو پەروەردە کـــۆی بابەتە پراکتیکی و عەمەلییەکانی فەلســـەفە دەگرێتەوە، بـــە مانایەکی دیکە، فیکرە فەلسەفییەکەی لە پەروەردەدا لە فیکرە ئەخلاقیو کۆمەڵایەتـــیو سیاســـییەکەیدا بڵاوبووەتـــەوە، بەشـــێوەیەکی دیاریکراویـــش لـــە توێژینـــەوە تایبەتەکانی دەربارەی شـــاری فەزیڵەتو شـــاری رەزیڵەت «خراپیو نزمی».

پەیوەندیی نێوان فەلســـەفەو پەروەردە چییە؟ ئەم پرســـە دەخەینـــە پێش چاوی فەیلەســـوفی پەروەردەکار (جۆن دێوی)

وەڵامی (جۆن دێوی) بۆ ئەم پرسیارە لە کتێبە بەردەستەکانیدا هەڵدەهێنجرێت.

بۆ ئەوە چووە کە فەلسەفە دوو جۆرە:

جۆرێکیان کە پەیوەســـتە بـــە ژیانەوە، بوونو سروشتو ئەرکەکەی لەوەوە دەخوازێ، لە پاشاندا

هەوڵی ڕێکخستنی ئەم ژیانەو ئاراستەکردنی دەدات، ئەمەش لە پەروەردە بەولاوە شتێکی تر نییە.

جۆرێکـــی دیکە کە لە ژیـــان دابڕاوەو ماناکەی لەدەســـتدەداتو دەبێتە فەلســـەفەیەکی واژەیی و بۆ مەسەلەگەلێکی میتافیزیکی وەردەچەرخێت کە لێیانەوە ناگەین بە هیچ دەرەنجامێک.

ئەو فەلسـەفەیەی (دێوی) هێناویەتییە ئاراوە لــە جۆری یەکەمیانە کە لەوپەڕی پەیوەندیدایە بە ژیانەوەو ئەوەش بەو پێیەیە کە پەروەردە بۆ خۆی فەلسەفەیە، فەلسەفەش پەروەردەیە، بەم وتەیەشی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: «هەر کەسێکی ئاقڵ بـــە مومکینی دەزانێ کە فەلســـەفەکاری دەبێ لە دەوری پەروەردە بســـوڕێتەوە بەو پێیەی ئەوپەڕی گرنگیپێدانی ئینسانییە، لەگەڵ ئەویشدا لە سەرووی ئەوەوە گرفتگەلێکی دیکەی گەردوونیو ڕەوشتیو لۆژیکی دێنە ئاراوە». (٣٩)

لــە کۆتایشــدا پێویســـتە بڵێیـــن پەیوەندیی نێـــوان فەلســـەفەو پـــەروەردە بووە بـــە مایەی لەدایکبوونـــی کۆرپەیەکی نوێ، کـــە لەیەک کاتدا ســـیماکانی فەلسەفەو پەروەردەشە بەیەکەوە، ئەو لەدایکبووەش «فەلسەفەی پەروەردە»یە.

فەلســـەفەی پـــەروەردە یەکێکە لـــەو ڕەگەزە فەرهەنگییانەی زۆرترین کارێکی لەگەڵ فەلسەفەدا

هەیـــە، ڕەنگە ئەمەش بـــۆ ئـــەوە بگەڕێتەوە کە «فەلســـەفەی پەروەردە ئەو چالاکییـــە فیکرییە ڕێکخراوەیە کە فەلسەفە وەک هۆکارو ئامڕازێک بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی پەروەردەیی و گونجانکارییەکەی دەگرێتەبـــەر، لەگـــەڵ ڕوونکردنەوەی ئـــەو بەهاو ئامانجانەی هێنانەدییانی مەبەستە». (٤٠)

کە ئەو مەیدانەیە لە گۆشـــە پەروەردەییەکەوە لـــە کێشـــە فەلســـەفییەکان وەک توێژینەوەیەکی فەلسەفیش لە کێشە پەروەردەییەکان دەکۆڵێتەوە. (٤١)

تێبینی: ئەم وتارە کە ناونیشـــانەکەی بریتییە لە: (فەلســـەفەو پەروەردە)و بەشێکە لەو کتێبەی لە خوارەوە ناومان هێناوە، تەرخانە بۆ چۆنیەتیی ســـەرهەڵدان و دەرکەوتنـــی پەروەردەناســـی لە مێـــژوودا، بەڵام بەنـــدە تایتڵەکەیـــم گۆڕیوە، بۆ سەرەتاکانی پەروەردەناسی/ وەرگێڕ.

ژێـــدەری ئەم وتارە: بڕوانە کتێبی (دراســـات فی فلســـفە التربیە/ محمد جلـــوب فرحان-١٩٨٩ بغداد .ل ٧- ٢٣

پەراوێزەکانی ئەم بەشە:

1 . Burnet .j: (Greek philosophy ; London 1961) P.3.

2. Zeller.E; Outline of the histoery pf greek ohilosophy :(London 1963) P.2 .

٣. وراجــع ذلک عند"توفيق الطويل": اســس الفلســفه ص٧ (القاهــره، ١٩٧٩) ص٤٨-٤٩ (٣) توفيق الطويل، المصدر السابق، ل٣٥-٥٤.

٤. محمــد عبــد الرحمــن مرحبا،المســأله الفلسفيه،(بيروت،١٩٦١) ص٤٥-٤٦.

٥. بوخينســکيی، تأريخ الفلســفه المعاصره فــی اوروبا، نقله الی العربيــه محمد عبد.الکريم الوافی(طرابلس ،بلا تأريخ) ص٩٥-٩٦.

٦. محمــد عبــد الرحمــن مرحبــا، المصــدر السابقه، ص٥٨-٥٨.

٧. کتابا، النفس الانسانيه، (الموصل ١٩٨٦) ص٢٩-٣٠ وکذلــک: محمــد ســمير حســانين، التربيه (اصولو أساســيات) (مؤسســه ســعيد للطباعه، بلا تأريخ) ص٧.

٨. ســيد ابراهيــم الجبار، التوجيه الفلســفی والاجتماعی للتربيه، (القاهره بلا تأريخ) ص٣٨-٣٩

٩. المصدر السابق، ص٣٩.

١٠. محمــد لبيــب النجيحی، فلســفه التربيه، ص٢ (القاهره، ١٩٦٧) ص٣٤.

١١. المصدر السابق، ص٣٥-٣٦.

١٢. يحيى هويدى، مقدمه فى الفلســه العامه، ص٧ (القاهره،١٩٧٩) ،ص٢٢.

١٣. المصدر السابق، ص٢٤٠-٢٤١.

١٤. توفيق الطويل، المصدر السابق، ص٤٧٦.

١٥. المصدر السابق، ص٣٤١-٣٤٢.

١٦. المصدر السابق، ص٣٤٨-٣٤٩.

١٧. المصدر السابق، ص٤٠وما بعد.

١٨. المصدر السابق، ص٢٤٦وما بعد.

١٩. نبيــه محمود حموده، التأصل الفلســفى فى التربيه (الانجلو المصريه ١٩٨٠) ص١٣-١٨.

٢٠. ســيد ابراهيم الجبار، المصدر الســابق، ص٤٣-٤٤.

٢١. اميره حلمى مطر، الفلســفه عند اليونان، (القاهره ١٩٧٤) ص١١٨-١١٩.

٢٢. كتابنا، النفس الانسانيه، ص٩٢.

٢٣. عمــر محمــد التومــى الشــيبانى، تطور النظريات والافكار التربويه، ص٢ (بيروت١٩٧٥) ص٣٠-٣١.

٢٤. روســو، اميل أو التربيــه، ترجمه عادل زعيتر، (القاهره ١٩٥٦).

٢٥. وهيب ابراهيم ســمعان، الثقافه والتربيه فى العصر القديمه (دار المعارف بمصر ١٩٦١) ص٢٢٩-١٣٠.

٢٦. المصدر السابق، ص٢٣١-٢٣٢.

٢٧. المصدر السابق، ص٢٣٨.

٢٨. المصدر السابق، ص٢٣٨.

٢٩. سعد مرسى لحمد، تطور الفكر التربوى، ظ٣ (القاهره ١٩٧٥) ص١٤١-١٤٢.
٣٠. Zeller.E.,Op.Cit.,p.١٨٧.
٣١. وهيب ابراهيم سمعان، المصدر السابق، ص١٤٥.
٣٢. المصدر السابق.
٣٣. فتحيه سليمان، التربيه اليونانيه والرومانيه القاهره، بلا تأريخ، ص٦١-٦٢.
٣٤. وهيب ابراهيم سمعان، المصدر السابق المصدر السابق، ص٢٥١.
٣٥. عبد الرحمن النقيب، فلسفه التربيه عند ابن سينا، (القاهره ١٩٨٤) ص١٥٩.
٣٦. الب لويس سيخو، رساله فى السياسه لابن سينا، مجله المشرق البيروتيه، المجلد التاسع سنه ١٩١١.
٣٧. ابن سينا، تسع رسائل فى الحكمه والطبيعيات، (القاهره ١٩٠٨) ص١٠٤-١١٨.
٣٨. المصدر السابق، ص١٠٥-١٠٧.
٣٩. احمد فؤاد الاصمونى، جون ديوى، (القاهره ،بلا تأريخ) ص٣٥.
٤٠. محمد ابيب النجيحى، مقدمه فى فلسفه التربيه، القاهره ١٩٦٣ ص٣٣.
٤١. صادق سمعان، الفلسفه والتربيه (القاهره ١٩٦٢) ص١٣٦-١٣٧.